دیداری دوو دۆست لەسەر دەستپێکی خەباتی مام و
ئەندێشەی لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان

# مام جەلال

## لەدیدارێکی 360 خولەکیدا



P.U.K
information bank

دیدار: عومەر شێخ موس



هـەروەك بەڵینمان بە خوێنەران دابـوو، ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەی سەرۆك مام جەلال-ە کە لە دەورانی نێوان ١٩٨٨-١٩٩٠ بەڕێز مامۆستا عومەر شێخ موس لەگەڵیدا سازیکردبوو. لەم دیـدارەدا دوو دۆست پێداچوونەوە بە رەوت و رێبازەکانی کوردایەتی و تێکۆشانی یەکێتی لەپێناو مەسەلەی نەتەوەیی و دیـدی مام جـەلال لەسەر سروشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا دەکەن. دیدارەکە لەبنچینەدا لەسەر داوای کاك هۆمەر کراوە کە دیارە ویستویەتی دیدی مام جەلال لەسەر ئەو پرسانە وەربگرێت و لە تێزێکدا بەکاریان بێنێت.

بایەخی مێژوویی ئەم دیدارە دۆستانە لەوەدایە کـە لـەگـەرمـەی دوای قـۆنـاغـی ئەنفالەکان و بەهێزبوونەوەی رژێمی سەددام حسێن و سیاسەتی ئیقلیمیدا سەرۆك مام جەلال وەك رابەرێکی بەورەو دووربین، رەهەندەکانی مەسەلەی کورد لە عیراق و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێ دەکات و لەناو نائومێدی ئەو سەردەمەدا چرۆی ئومێدێکی بوژانەوە بەدیدەکات و کوردایەتی وەك بزووتنەوەیەکی مێژووکرد دەخاتە سەر سیاقی مێژوویی خۆی کە سەرەنجام رووی لە سەربەخۆیی کوردستان و خاوەندارێتی کوردە لە وڵاتی خۆی.

ئێمە ئـەم دیـــدارە وەکـو خـۆی بێ دەسکاری بڵاودەکەینەوە تەنها لە چەند شوێنێکی کەم هەندێك دەربڕینمان نەنووسیەوە کە بۆ بڵاوکراوەی رۆژانەیی دەست نادەن و شوێنەکانیشمان بە (....) بەجێهێشتوە. ئەو دێڕە لابراوە کەمانە هیچ لە سیاقی باسوخواسەکان ناگۆڕن تەنها ئـەوەی وەکو مام

جەلال خۆشی ئاماژەی بۆ دەکات نەبنەمایەی تێکچوونی پەیوەندیی دۆستانە.

ئەم دیدارە (٣٦٠) خولەکییە دەکەینە دیاری بۆ نەوەی نوێ بۆئەوەی لە دیدی ساف و بێگەردو بێ غلوغەشی یەکێتی و سەرۆک مام جەلال لەسەر پرسی سەربەخۆیی تێبگەن و بنچینەی ئەدەبیاتی کوردایەتی نوێ لە سەرچاوە رەسەنەکەی خۆیەوە ببینن. لەکۆتاییدا پێویستە لێرەدا سوپاسی هەڤاڵی دێرینی یەکێتی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و هاوڕێی خەباتی میدیاییمان کاك هۆمەر شێخ موس بکەین کە لەکاتێکی هەستیاردا ئەم دیدارەی بۆ مێژوو سازکردو ئەمڕۆ بۆتە کەرەستەیەکی مێژوویی چاك بۆ ئەدەبیاتی کوردایەتی و مێژووی تێکۆشانی یەکێتی. هەروەها سوپاسی هاوکار و هاوپیشەمان نەوزاد عەلی ئەحمەد بکەین کە چەندین ساڵە لەبواری ئەرشیفکردنی ئەدەبیاتی یەکێتیدا هاوکاری کوردستانی نوێ دەکات و ئەم دیارییە بەنرخەی لای ئەو پارێزراوە، کردە خەڵاتی خوێنەرانی کوردستانی نوێ.

سەرنووسەر

# لە پێشبەندی ئەم دیدارەدا

## نەوزاد عەلی ئەحمەد

بۆ خوێندنەوەیەکی وردی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مەرجێک پشت بە بەڵگەنامەی بەڵگەنەویست ببەسترێت، پێویستە مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەم هێزە بۆ چەند دەروازەو خانەیەک پۆلێن بکرێت، کە بەداخەوە لەو رووەوە تا بەئەمڕۆش دەگات لە نووسین و لێتوێژینەوەکاندا ئەوەندەی روو لە حکایەت و گێڕانەوە کراوە، زۆرکەم پشت بە بەڵگەنامە بەستراوە. بەهەڵدانەوەی فایل و خوێندنەوەی ئەو نامانەی دەستەی دامەزرێنەرو زۆربەی سەرکردەکانی تر لەنێوان یەکتردا ئاڵوگۆڕیان کردووە، دەبینین لە دەیان و بگرە لە سەدان شوێندا ئاماژە بە پاراستن و پارێزگاریکردن لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کراوە. زۆربەی برادەران لەبیریانە کە دوای کارەساتی هەکاری، دەستکرا بەخۆڕێکخستنەوەو جێگیربوونی بارەگاکانی سەرکردایەتی، هەر ئەوکاتە بیر لەپاراستنی ئەدەبیاتی یەکێتیی کرایەوەو ئەرشیڤێک ئاوەدانکرایەوە، ئێستا زاراوەی ئەرشیڤی مەکتەبی سیاسی لەسەر زاری چەند هەڤاڵێکدا ئەزبەرکراوە. دیارە بۆ هێزێکی پڕ جووڵەو نەسرەوتی وەک یەکێتیی پاراستنی نووسراو، نامە، بڵاوکراوە، گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەستەم بووە، بەڵام هەوڵدراوە بەچەندان رێگاو رێکارو شێوەو شێواز پرۆسەکە دەستپێبکرێت، یەکێک لەو رێگایانە لەنووسینگەی یەکێتیی لە تاران زۆربەی ئەدەبیاتەکە پارێزرابوو، بەڵام لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٢ ئێرانییەکان دەستیان بەسەرداگرت، نازانم بۆچی تائێستا هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ وەرگرتنەوەیان. ئەمەو ئەنفال، هەر ئەنفالکردنی خەڵکی سڤیل، پێشمەرگە، ئاژەڵ، باڵندەو سوتماکردنی خاک و رەزو درەخت نەبوو، بەڵکو هەزاران لاپەڕە لەئەدەبیاتی ئەو هێزە بەر شاڵاوەکە کەوتن و ئەوانیش جینۆسایدکران. لەو ماوەیەی لەدەرەوە بووم ٢٠٠١-٢٠١١

ئەوەی بینیم و زانیاریم چنگ کەوت و بێئومێدی نەکردم پاراستنی چەپکێکی گـەورە لەئەدەبیاتەکە بـوو لەلایەن چەندان کەس، بەڵام ئەوەی رۆشنایی بەمێژووی یەکێتیی دەدا ئەرشیڤو کتێبخانەی د.کەمال فوئاد، عومەر شێخمووس، د.فوئاد مەعسووم... هتد. لەگەڵ ئەم ناوانەدا کە زۆر دڵنیام بەشێکی هـەرەزۆر لە ئەدەبیاتەکە لە لای مام جەلال و نەوشیروان مستەفا- یە. بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشانازییەوە دەڵێم کە سەرتۆپی ئەو سەروەرییە بەر من دەکەوێت، لەو رووەوە چالاکی و بەرهەمەکانم گەواهیدەری زیندوون، کە سەرەتاکەی لەساڵی ١٩٩٢ لەرۆژنامەی کوردستانی نــوێ دەسـتـپـێـدەکـات ئـەویـش بـەکـردنـەوەی گـۆشـەیـەک بـەنـاوی «لەئەدەبیاتی شۆڕشی نـوێـمان»دا. پـاشـان دەسـتـم بـەچـاپـکـردنـەوەی گۆڤارو رۆژنامەو بەڵگەنامەکان کردو تائێستا تەنیا لەو ئەدەبیاتە زیاتر لە ٢٥ کتێبم بەچاپگەیاندووە. ئەوەی ئەمڕۆ پێشکەشی ئێوەی خوێنەری خۆشەویستی دەکەم چاوپێکەوتنێکی عـومـەر شێخمووس-ە لـەگـەڵ مام جـەلال و نـاوم نـاوە «دیــداری دوو دۆســت». چاوپێکەوتنەکە لەسەر کاسێتی ئاسایی تۆمارکراوەو نزیکەی ٣٦٠ خولەکە، کارەکە لە ئەمریکا پێش ٢٨ ساڵ لەمەوبەر کـراوە، پرسیاری وردو وەڵامی وردی تێدایە، کە بەڕای مـن یەکەمجارە چاوپێکەوتنی لەو شێوەیە لەگەڵ مام جەلال کرابێت، بەتایبەتیش ئەگەر لەباری سۆسیالۆجیاو رەهەندەکانی خەباتی نەتەوەیی و دامـەزرانـدنـی دەوڵـەتـی کوردستان خوێندنەوەی بۆ بکرێت.. کاسێتەکان ٧ ساڵ زیاترە لە لای منن، لەدەرفەتێک دەگـەڕام بیانخەمە سەر کاغەزو بە کوالێتی بەرز چاپ و بڵاوی بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە دەرفەتەکە نەڕەخسا. سوپاس بۆ ستران عەبدوڵڵا و ستافی رۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەمجارەش وەک جارو جارەکانی تر خاوەندارییان لە بەرهەمەکە کرد.



*تکایە ناوی تەواوی خۆتم پێ بڵێ؟
-من ناوم جـەلال-ە، لەمنداڵییەوە پێم دەڵێن مام جەلال، باوکم ناوی حوسامەدینە، نازناوەکەشم تاڵەبانییە.
*لە چ ساڵێك لەدایكبوویت؟
-بـەڕاسـتـی ئـەوە نـازانـم، چونکە نەنوسراوە، بەڵام بە تەقدیری ئەوەی کە لەدایکم بیستوومە، دەیزانی هاوین بووە، بەحسابی ئەو ڕووداوانـەی کە ئەو باسی دەکرد یان ١٩٣٣ یان ١٩٣٤م، ئیتر نازانم کامیانە.
*لە چ شوێنێك لەدایك بوویت لە شار یان لادێ؟
-لەدێیەك بەناوی کەلکان لەبناری چیای کۆسرەت، ئێستا سەر بەقەزای دوکانە، سەر بەلیوای سلێمانی، دکتۆر مەحمود دەیگووت ئێستا بەتەواوەتی تێکدراوە.
*بەمنداڵیو بەگەنجیت دایـكو باوکت زۆر شوێنی خۆیان گۆڕیوە؟
-من لەلادێ لەدایکبووم، پاش پێنج شەش ساڵ باوکم چۆتە کۆیە.
*بەشی زۆری گەنجێتیو منداڵیت لەکۆیە بەسەربردووە؟
-نا، من دەتوانم بڵێم لەساڵی ١٩٣٩و ١٩٤٠ەوە تا ساڵی ١٩٥٠ لەکۆیە بووم، دوای ئـەوە بـۆ خوێندن چوومەتە هەولێر ساڵێك، ساڵێکیش لەکەرکوكو ئیتر بـەغـداو زانـکـۆ، ئیتر داخڵی سیاسەت بووم، ئەگەر حساب بکەیت

هەر ١٠-١٢ ساڵ بەسەریەکەوە لە کۆیە بوومو ئیتر کۆیەم نەدیوەتەوە.

*خوێندنگەی سەرەتاییت لەکۆیە تەواوکرد؟

-بەڵێ ساڵی ١٩٤٧ لەکۆیە تەواوم کرد.

*ئەی ناوەندی؟

-ناوەندیشم هەر لەکۆیە تەواوکرد ساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٠.

*ئەی دواناوەندی و زانکۆ؟

-پۆلی چواری دواناوەندیم لەهەولێر تـەواوکـردو پێنجی دواناوەندیشم لەکەرکوك تەواو کرد.

*دوای ئـەوە چوویتە زانکۆ، لەچ بەشێك؟

-ئەو وەختە زانکۆ لەعیراق نەبوو، چەند کۆلێجێك هەبوو، من چوومە کۆلێجی حقوق. کە من چوومە کۆلێجی حقوق زانکۆ نەبوو، کۆلێجی جیاجیا هـەبـوو، چونکە زانـکـۆ لەزەمانی کۆماریدا دروستبوو. چوومە کۆلێجی پزیشکی، قبوڵیش کرام، بەڵام لەبەر کاری سیاسی گواستمەوە بۆ حقوق.

*خوێندنەکەت لەبەر کاری سیاسی پچڕ پچڕ بوو؟

-تا پۆلی چواری حقوق مونتەزەم بـــووم، هــەمــوو ساڵـێـك چـەنـد جارێك دەگـیـرام، بـەڵام هەر تێیدا دەردەچـوومو پۆلەکەم تەواودەکرد، لـەپـۆلـی چــواربــووم سەفەرێکی دەرەوەم کرد ئەو سەفەرەی کە چووم بۆ وارشـۆو مۆسکۆو پەکین، لەدوای ئەوە ساڵێك فەسڵ کرام لەکۆلێج.

ساڵی ١٩٥٦ کە پەلاماری میسریان داو خۆپیشاندان و مانگرتن بوو، بێگومان من بەشداریم کرد، ئەوجارە بە یەکجارەکی فەسڵ کـرام، هەتا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز چوومەوە کۆلێجم تەواو کرد.

*پاش ئەوەی کە کۆلێجت تەواوکرد، هیچ کارت کرد وەکو پارێزەر؟

-بەناو بەڵێ، بەڵام بە عەمەلی نا، لەتەمەنی خۆمدا یەك دەعوا هەبوو کە مامۆستا برایم درا بـەدادگـا کە لە(خەبات) بووین، چەند پارێزەرێك وەکو خۆبەخش ناوی خۆیان نووسی منیش هەر ناوی خۆم نووسی، ئەگینا بەعەمەلی نەخێر، هیچ دەعوایەکی دادگام نەبینیوە.

پاش دەرچوون بووبووم بەپارێزەر، شەریکی کاك روشـدی عارف بووم، بەڵام ئەوەش هەر بەناو بوو، دوایی بانگ کـرام بۆ خزمەتی سەربازیی، کۆلێجی ئیحتیاتی ئـەفـسـەرانـم تـەواوکــرد، چـەنـد مانگێك بــووم بەئەفسەر لەکەتیبەی چـواری تانك، یەکەم جۆری تانکی T55کە هاتبوو بۆ عیراق ئەوە یەکەم کەتیبە بوو، دوای ئەوە لەوێوە هاتمەوە (خەبات) بۆ کاری

ڕۆژنامەگەری ئیتر دەعواو شتی وام نەدیوە.

*باشە ئەو خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندیانە خوێندنگەی تایبەتی بوون یان حکومی؟

-نا هەمووی حکومی بوون.

*وەك پێشتریش عەرزم کردیت ئەمە بۆ مەبەستی عیلمییە، بۆ تێزێکی دکتۆرایە، بۆیە پێویست بەوە دەکات بەو جۆرەی دەتوانیت ئەوەی کە ڕازیت باسی بکەیت لەهەمان کاتدا ئازادی کە نەتوانی وەڵامی هەندێك پرسیار بدەیتەوەو بەئازادییەکی تەواو دەتوانی بڵێی ناتوانم وەڵامی بدەمەوە.

*لەمنداڵی خۆتدا تا تەمەنی ١٠ ساڵە چەند خوشك و برا بوون؟

-دوو خوشکم هەبوو.

*پەیوەندیت لەگەڵ خوشك و براکانتدا چۆن بوو؟

-پەیوەندیم باش بوو، تاکە کوڕ بووم، خۆشەویست بووم، لەگەڵ خوشکەکانم بەینم خراپ نەبوو.

*باشە ئەگەر ڕۆژێك بهاتیتایە ماڵەوە لەخوێندنگە یان ڕات بکردایەو نەچوویایتە وانەوە، یان بهاتیتایە ماڵەوە، چیشتێکیان لێنابێتو بتوتبایە نایخۆم؟

-دوو شت هەیە، یەکەم قەت ڕام نەکردووە لەخوێندنگە، خوێندکارێکی باشبووم، زۆریشم خوێندنگە پێ خۆش بوو، لەبەرئەوە لەهیچ وانەیەك ڕام نەکردووە لەتەمەنی خۆمدا، مەگەر لەحقوق، کە گەیشتمە حقوق، ئەویێ جیاواز بوو. لەبەرئەوە ئیشوکاری خوێندنگەمە ڕێکوپێك بوو، قەت هەڵنەهاتووم. حەزیشم لەخوێندن بوو. لەبەرئەوە لەگەڵ خوێندنگە زۆر گونجاو بووم، بەڵام لەماڵەوە وانەبووم، ئەگەر بهاتبامایەوە خواردن حازر نەبایە، هەرایەکی گەورەم دەنایەوە، شەڕم دروست دەکرد، یان شتێکم داوا بکردایەو جێبەجێ نەبوایە قرەقرم زۆر دەکرد.

*باشە لەمنداڵیی خۆتدا دایك و باوکت بەچ چاوێك تەماشایان دەکردی، خزمەکانت، منداڵێکی لەسەرخۆ بووی یان بەگرفت بووی؟

-دوو پرسیاری جیاوازە، ئارامی جیایەو گرفت جیایە، من بەمنداڵی هیچ گرفتیەکم نەبوو، چونکە لەخوێندنگە باش بووم، هیچ ئەملاو ئەولایەکم نەبوو، چاك دەمخوێند و تاقانەش بووم، هەم لەبەرئەوەی تاقانە بووم خۆشەویست بووم، هەم لەبەرئەوەی خوێندکارێکی باش بووم، هەموو ساڵێك بەیەکەم دەردەچووم. لەدوو سێی سەرەتایی لەکۆبوونەوەدا من شیعرم خوێندۆتەوە، لەتەمسیلی

خوێندنگە بەشداریم دەکرد، بەڵام ئارام نەبووم، منداڵێکی زۆر عەجولو هاربووم.

*پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێکانتو ماموستاکانت؟

-زۆر باش بوو، لەگەڵ ماموستاکانم زۆر باش بووم، لەگەڵ هاوڕێکانم ئێجگار باش بووم، لەبیرم نایەت شەڕێکم کردبێت لەگەڵ یەك خوێندکار، پەیوەندیم زۆر باش بوو، ئەوەندەی ماموستام هەبوو، پەیوەندیم باش بوو لەگەڵیاندا، زۆریشیان خۆش دەویستم، هەم لەبەرئەوەی خوێندکارێکی باش بووم، هەم لەبەرئەوەی لەبەرچاوی ئەوان خۆم بەخوێندکارێکی ئارامو فەقیر نیشان دەدا.

*لەمنداڵیو گەنجێتیت ژمارەی هاوڕێت زۆر بوو؟

-بەڵێ ئێجگار زۆر بوو، بەتایبەتی لەسەرەتایی، هەموو خوێندکارەکان دۆستم بوون، زۆرجار لەگەڵ پۆلێکی هەورازتریشدا بەینم باشبوو، بۆ نموونە من لەپێنج بووم، لەگەڵ خوێندکاری شەشەکانیش بەینم باش بوو، جارێکی کۆمەڵەیەکی خوێندکارانمان دروست کرد، نەك هەر لەخوێندنگەکەی خۆم، بەڵکو کۆیە دوو خوێندنگەی لێ بوو، من لەگەڵ خوێندکاری هەردوو خوێندنگەکە بەینم باش بوو.

*ئەو خوێندکارانەی کە دۆستت بوون، یان خزم بوون یان لەهەمان گەڕەکدا بوون،یان لەهەمان چین بوون لەسەر بنەمای چینایەتی؟

-نەخێر، پەیوەندیم لەگەڵ هەموو خوێندکاران باش بوو، بەڵام بە پلەبوو، خوێندکاری زیرەك یان ئەوەی بەلای خۆمەوە باش بوو، هیچ پەیوەندی بەخزمایەتیو گەڕەکەوە نەبوو، زۆرجار پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکی گەڕەکی دوورتر زۆر باشتربوو، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی گەڕەکی خۆمان بوو، یەك خزمم هەبوو، هێندەی بێگانەکان بەینم باش نەبوو لەگەڵیاندا.

*لەدواناوەندی، لەزانکۆ بەشی زۆری هاوڕێکانت سیاسی بوون یان هاوڕێی تریشت هەبوو؟

-ئەوە جیاوازی تێدایە، لەسەرەتاییەوە من داخڵی سیاسەت بووم، ئەو سەردەمە هاوڕێکانم هەم سیاسی بوون هەم هەوڵیشمان دەدا خەڵك راکێشین، لەناوەندیی زۆربەی هاوڕێ نزیکەکانم هەر ئەو کەسانە بوون کە هاوبیری سیاسیم بوون، بەڵام من لەگەڵ شیوعییەکانیش بەینم باش بوو، بیرم دێ خوێندنگەی ئێمە دوو بەش بوو، لەبیرمە ٨٥ خوێندکاری لێبوو،

دوو تەیاری سیاسی هەبوو، ٤٢ شیوعی بوو ٤٢ی تر تەیارەکەی تر بوون، من لەگەڵ هەردوو تەیارەکە بەینم باش بوو، بێگومان زۆرتر پەیوەندیم لەگەڵ ئەو تەرەفە بوو کە خۆم لەگەڵیان بووم، بەڵام بەگشتی لەگەڵ هەردوولا بەینم باشبوو. بۆنموونە کاک فاتیح رەسول یەکێکیان بوو کە ئێستاش بەینم لەگەڵی باشە.

کە چوومە دوا ناوەندی چونکە خەباتەکە سڕی بوو، دۆستایەتی نزیکم لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەبوو، ئەوەی پێم باشبوایە. بۆنموونە کە گەیشتمە تەمەنێکی دیاریکراو لەگەڵ خەڵکی باش و بە ئەخلاق پەیوەندیم دەکرد، دەتوانم بڵێم لەحقوق پەیوەندیم زۆر فراوان بوو، بۆنموونە بۆ کوردێك عەجیب بوو لەگەڵ نەتەوەییەکاندا پەیوەندی هەبێت، من لەگەڵ ئەوانیش پەیوەندیم هەبوو، دۆستی نزیکی شیوعیم هەبوو، دۆستی نزیکی بەعسیم هەبوو، دۆستی نزیکی ئیستیقلال و وەتەنی دیموکراتی، بێجگە لەکوردەکانی خۆشمان.

*ئەگەر بیر لەکاتی منداڵیی خۆتو گەنجێتیت بکەیتەوە لەڕووی ئابوورییەوە وەزعی ماڵی خۆتان لەگەڵ دەورەوپشتتان، ئایا لەوان باشتربوو، یان وەکو ئەوان بوو، یان خراپتر بوو؟



-ئەگەر جیرانەکانمان حساب بکەین جیرانی دەستی راستمان ماڵی زۆر دەوڵەمەندی کۆیە بوون، جیرانی ئەولاترمان چینی ماماوەند بوونو بۆیە وەزعمان بە قۆناغی جیاجیادا هاتووە، قۆناغێك زۆر باش نەبوو، بەڵام ماماوەند بوو.

*ئەوە هیچ کاریگەریی لێکردوویت، بەبیرت دێت ئەو دۆخە ناخۆشانە؟

-من هەرگیز وەزعی ناخۆشم نەبینووە لەڕووی ئابوورییەوە, وەزعم خراپ نەبووە، یان زۆر باش بووە، یان نیمچە باش بووم.

*دایك و باوکت قەت ئیشیان کردووە؟ چ ئیشێکیان دەکرد؟

- دایکم جگە لەئیشی ماڵ هیچ شتێکی نەکردووە، بەڵام باوکم کشتوکاڵی کردووە، پاشان بوو

بەمورشیدی تەکیەی تاڵەبانی لەکۆیە، واتە ئیشی ئاینی دەکرد، تەهلیلەو زیکر.

*لەناو ماڵی ئێوە خزمەتکارتان هەبوو؟

-بەڵێ.

*چەند؟

- هەمیشە زۆرمان هەبوو، دوو سێ ژن هەبوون لەماڵەوە کاریان دەکرد، لەتەکیەش هەبوون.

*لەپەروەردەکردنتدا کێ زیاتر دەوری دەبینی دایکت یان باوکت؟

-وەڵا هیچیان، زۆرتر ماڵە کەسوکار، ئەوانەی کە خوێندەواربوون، لەپەروەردەکردنی ئاساییدا هەردووکیان دەوریان هەبوو، بەڵام لەڕێنوێنی کەم، چونکە زۆر زوو من داخڵی سیاسەت بووم، رایەڵبووم لەگەڵ خزمەکانم، ئەو سەردەمە خزمی خوێندەوارم هەبوو، لەکۆڵێج بوون کە قسەیان دەکرد، من دایمە لەمەجلیسی گەوراندا دادەنیشتم، زۆرتر لەوانەوە کاریگەریم تێ دەکرا وەك لەئیرشاداتی باوکمو قسەی دایکم.

*لە چ ساڵێك خێزانت دروستکردووە؟

-لەە١٩٦٧وە هێرۆ دەستگیرانم بووە، بەڵام پێموابێ لەساڵی ١٩٧٠دا زەماوەندمان کرد.

*ئێستا چەند منداڵتان هەیە؟

-دوو .

*کچن یان کوڕ؟

-هەردووك کوڕن.

*دەتوانی باسی ئەوەمان بۆ بکەیت کە لەکاتی منداڵیو گەنجێتیدا ئەو خانووانەی تیایدا ژیاوی، گەورە بوون یان بچووك؟

-لەلادێ خانووی قوڕو بچووك بوو، خانووی خۆشیش نەبوو، بەڵام بەبەراورد بەخەڵکی گوندەکە کەمێك ئەوەی ئێمە باشتربوو، کە هاتینە کۆیە لەناو تەکیەیەکی زۆر گەورەدا دەژیاین، بەشێکی ماڵ بوو، ماڵەکەش دوو بەش بوو، بەشێکی گەچ بوو، بەشێکیشی قوڕبوو، بەڵام قوڕێکی باش بوو، تەکیە ئێجگار گەورەبوو ساحەیەکی گەورە، مزگەوتێکی گەورەی تێدابوو، دیوەخانی گەورە، پاشان کە لەناوەندی دەردەچووم، ئیتر کەوتمە خانووی کرێوە.

*لەخوێندنگەی سەرەتایی بەکوردی خوێندت، یان عەرەبی؟

-زەمانی ئێمە خوێندنگەمان کوردی بوو، لەقەدیمەوە لەعیراق لەو ڕشتەی کە خەڵك هەڵیبژاردبوو بەکوردی بوو، دیارە وانەی عەرەبیش هەبوو.

*مامۆستاکانتان هەمووی کورد بوون؟

-مامۆستاکانمان لەسەرەتایی هەمووی کورد بوون، جارێك یەك

عەرەب هەبوو، ئەوەندە ساڵە لەکۆیە بوو کـوردی فێربووبوو، ناوی عەلی مـوزەفـەر بـوو، کوڕەکانیشی ببوون بەپارتیو پێشمەرگە.

*لەدوای ئەوەی چوویتە ناوەندی؟

-لەناوەندی هەر خوێندکاری کوردی لێ بوو، بەڵام مامۆستای عەرەبی لێ بوو. دوو یان سێ مامۆستای عەرەبمان هەبوو کە دەرکـرابـوون، دووانـیان لەسەر سیاسەت دەرکرابوون، یەکیان شیوعی بـوو، یەکیان حزبی شەعبی بوو، ئەوی تریان لەسەر سەرخۆشی نەقلی کۆیە کـرابـوو، پەیوەندیم لەگەڵ ئـەو دووانـەیـانـدا بـاش بوو، بەڵام لەگەڵ سەرخۆشەکە نا، چونکە خۆشم نەدەویست، بەڵام دووەکەی تر پەیوەندیم لەگەڵیان بـاش بوو، ئێستاش دۆستمن.

*قـەت هەسـت بـەوە نەدەکرد کە کوردیت جۆرە تەعدایەك یان ئیهانەیەك هەبووبێ بەرامبەرت؟

-نا، بەپێچەوانەوە لەناوەندی چونکە لەعەرەبیدا باش بووم، مامۆستاکانم بـاش بـوون لەگەڵمدا. مامۆستای عەرەبیەکەمان شیوعی بوو، من پارتی بووم، چونکە باش بووم لەوانەکەیدا، بەینمان زۆر باش بوو، ئێستاش زۆر دۆستین، ڕۆژێك لەڕۆژان کێشەیەکمان نەبووە.

*خـۆت دەزانـی هەموو کەسێك چ لەمنداڵی چ لەگەنجی ڕووداوێك دەبینێ زۆر ناخۆش بێ، مومکینە ڕووداوی سیاسیی شەخسی، کاریگەرییەکی قووڵ بەجێ دەهێڵێت، لەوانەیە تائێستاش لەبیرت مابێت، ئەگەر ڕووداوێکی وا هەبێت لەمنداڵیو گەنجیتدا باسی بکەیت؟

-لەمنداڵیدا ڕووخـانـی کـۆماری کوردستان زۆر کاریگەری تێکردم، وەك تەعزییە بوو، ڕیشم نەبوو تا ڕیش بهێڵمەوە. بەڵام عاجزو خەمبار بووم، ئـەوە یەکەم ڕووداو بـوو کە قەت لەبیرم ناچێ، دووەم هەر ڕووداوی سیاسی بـوو کە بـارزانـی دەربـەدەر کرابوو، هەندێك ژنە بارزانی هاتبوون لەکۆیە سواڵیان دەکرد، ئەوەشم قەت لەبیر ناچێتەوە، پیرەژنێکی بارزانی کە دەربەدەرکرابوو هاتبووە کۆیە. شتی کۆمەڵایەتییش مامۆستایەك جیرانمان بوو، تازە ژنی هێنا بوو، بەئوتۆمبیل وەرگەڕابوو و مرد، ئەوەش زۆر کاری تێکردم.

*حـەز دەکـەم بزانم خولیابوونت بەسیاسەت لەچ تەمەنێکدا بوو؟

-زۆر زوو دەسـتـم پێکرد، پێش ئەوەی لەسیاسەت تێبگەم، ئەو وەختە لەخوێندنگەی ئێمە سروود دەخوێنرا، مامۆستاکانمان هەموو کوردپەروەر

بـــوون، هـەمـوو سروودەکـانـیـش کوردپەروەرانە بوون، بۆنموونە بەسەر کوردستانو خەباتی میللەتی کوردو دەمـی راپەڕینەو ئەی کوردینە ئەی مەردینەو یەکبگرنو..، ئەوە لەیەك دوو و سێی سەرەتاییەوە لەمێشکمدا بـوو، لەپاشان ئـەوەی کـە لەبیرمە ڕووداوی سیاسی وەکو خـەون، زۆر لەزووەوە شەڕێك بوو عیراقو ئینگلیز، وامـزانـی سـوپـای عیراقی چووبوو هێرشی کردبوو بۆ حەبانیە، کە پێیان دەوت (سـن الـزوبـان)، کەدەیانوت (سـن الـزوبـان)ی ئابلۆقەداوە، وام دەزانـی چوونە ئینگلتەرایان ئابلۆقە داوە، پێمخۆشبوو عیراق ئینگلیز ئابلۆقە بدات، دوایی کە گەورە بووم تێگەیشتم.

یەك ڕووداوی تریشم لەبیرە خزمێکم هەبوو لەکەرکوك بوو بەبەڕێوەبەری ناحیەی تـەق تـەق، دەهـاتـە کۆیە، دۆستی مامۆستا ئیبراهیمیش بوو، ناوی شێخ فازیل بوو، باوکی ئەو خەسرەوەیە کـە ئێستا لـەکـەنـەدایـە، یەکەمجار گوێم لـەوشـەی سۆڤێت بـوو باسی ئەوەی دەکـرد، کە ڕوس هەر ئەڵمان دەشکێنێ، ناپلیۆنیش هاتووە ئەڵمان دەشکێنێ، چونکە پـەلاماری ڕوسی داوە، خزمێکم هەبوو زۆر ئەڵمانی خۆش دەویست، جا هەموو جارێ بۆ تورەکردنی خزمەکەم ئەو مەوزوعەی دەکردەوە، هەر دەیوت: ڕوس ئەڵمان دەشکێنێت، نەشمدەزانی ڕوس چییەو ئەڵمان چییە، تەنانەت وشەی سۆڤێت، زۆرجار لێم تێکەڵاو دەبوو.

*ئەی هۆشیاریی سیاسیت؟

-بێگومان کـوردایـەتـی ئـەوا بوو لەخوێندنگە، لەبەرئەوەی من یەکێك بووم لەو خوێندکارانە، لێرە عادەتێك هەبوو، نازانم لەسوریا هەبوو یان نـا، بـەرلـەوەی بچوینایەتە وانـەوە ڕیزدەبووینو سروودمـان دەوت، جا یەکێك دەهات شیعری دەخوێندەوە، هـەمـوو رۆژێـــك ئـەو یـەکـەی کە شیعری دەخـوێـنـدەوە مـن بـووم، لەسێی سەرەتاییەوە ئەو شیعرانەم لەبەردەکرد کە هەمووی شیعری حاجی قـادرو کوردایەتی بـوو، ئەو شتانەی کە بۆنی سیاسەتی لێدەهات، نەورۆز دەکرا لەکۆیە، مامۆستاکانمان ئێمەیان دەبـــردو دەبـوایـە بچین، کوڕێکمان هـەبـوو نـاوی حـوسـامـەدیـن تەیب بوو بەڕەحمەت بێت ئەو لە شەشی سەرەتایی بوو، ئێمە لەچوار بووین، زۆرجار باسی کوردایەتی بۆ دەکرین، جارێك بانگی کردمو وتی وەرە شتێك بخوێنەرەوە، ئەو بۆی نووسیبووم، یـان پێی وتـم، باشم لەبیرنییە، تا وەکو وتاری نەورۆز بیخوێنمەوە یەك

لاپەڕەبوو، یەکەمجارم بوو کە هاتمەوە مامۆستایەکمان هەبوو کوڕێکی چاك بـوو حـەمـە ئەمین مـەعـروف هەتا ئەندامێتی لیژنەی مەرکەزیی پارتیش هات، دوایی بایدایەوە بۆ ئیسلامێتیو بووە سۆفی، پیاوێکی زۆر چاك بوو، نموونەی ئەخلاق و ڕەوشت بەرزی بوو کە هاتمەوە شیعرەکەم خوێندەوە، وتی ئافەرم بەڵام هەڵەیەکی تێدابوو، کە دەڵێت: هەموو عالەم بوو بەشت ئەوە جووش بوو بەشت، هەر کورد مـایـەوە، وتـی بۆ سوکایەتی بەجوو دەکەیت؟ ئەویش بەشەرە وەکو ئێمە، ئـەوەم لەبیرە، من شەخسی خۆم رقم لەجوو نەبوو، لەکۆیە گەڕەکی جوولەکان هەبوو، هاوڕێیەکم هەبوو لەناو جوولەکەکاندا. هەندێ گەنج پەلاماری ئەوانیان دا، ئەو برادەرەی من سەری شکا بوو، خوێنی پێدا دەهاتە خوارەوە، ئەوەم هەرگیز لەبیر ناچێ، رامکرد بۆ لایو چووم رزگـارم کرد، ئەوە یەکێك بوو لەو شتانەی کە زۆر کاری تێکردم. من پەیوەندییشم لەگەڵ جوولەکەی شارەکەی خۆماندا زۆر خۆش بوو.

*ساڵی ١٩٤٨و ئەوانە بوو؟

-نە ئەوە دەوروبـەری ساڵانی ١٩٤٢ بوو، زۆر منداڵ بووم، تا ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٥٠ پەیوەندیی شەخسیم لەگەڵیاندا باش بوو.

* لەگەڵ گەنجێتی خۆتدا لە ١٣ تا ١٧ ساڵی، دەتوانی ناوی چەند کتێبم بۆ باس بکەیت کە خوێندوتەتەوەو زۆر کاریی تێکردووی؟

-مـن لـەدوو شت دەمخوێندەوە، کە خوێندکار بـووم یەکیان گۆڤاری گەلاوێژ کە ئەوە تاکە گۆڤاری کوردی بـوو دەهـاتـە کـۆیـە، لـەبـەر شیعر لـەبـەرکـردن بـوو کە لەخوێندنگەی بیخوێنیتەوە، گۆڤارێکی کوردی بوو زۆرم دەخوێندەوە، ڕۆژنامەی ئەهالیم دەخوێندەوە زۆر لێی تێنەدەگەیشتم بەڵام ئەهالی بەناوبانگ بوو، لەبیرمە لەسەرەتایی ئیشتراکم کرد لەکتێبو شتی وادا، من ئـەوە لەماوەی ساڵی ١٩٤٦دا دەستم بەسیاسەت کردو بووم بەئەندامی پارتی، ساڵی ١٩٤٧ ئەو کتێبانەی کەوا باوبوو لەلای ئێمە، کتێبی کوردی نەبوو، یەك کتێب ئەوەڵ جار دایانمێ بیخوێنمەوە، ناوی (صديقتنا الاتحاد السوفيتى) بوو، ئەو کاك فاتیح ڕەسوڵە کە شیوعی بوو، ئەو دایمێ، زۆریش لێی تێنەدەگەیشتم، عەرەبی بوو، بەڵام کە بووم بە پارتی، کتێبیان بۆ شەرح دەکردین، سێ کتێب هەبوو یەکیان (المسألة الوطنية)کەی ستالین بوو، (المادة الدياليكتيكية) کە ستالین نووسیبووی، ئەو کاك عەلی عەبدوڵڵایە



بۆی شەرح دەکردین کە ئێستا سکرتێری پارتییە، ئەو وەختە (اسس اللينية) هەبوو، من ئێستاش مارکسیزمم وەك زانست پێ باشە، ئەوی ڕاست بێت حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم من دژی دۆگماکردنی مارکسیزمم، ئەگەرنا مارکسیسزم لینینیزمم وەك زانست پێم باشە، چۆن لەبنەمای ئابووری سوودی لێدەبینرێت، بەڵام مارکسیسزم ئەوەی لێی ناڕازیم ئەوەیە کە کرا بەدۆگماو ئایین، ئیتر مارکس چی وت دەبێ وابێت، یان لینین یان ماوسی تۆنگ چی وت دەبێت وابێت، بۆیە زانست چەندین بنەمای زیندووی هەیە، «مرشد العمل»ە، نەك وەك ئایین پیرۆزی بکەیت.

ئینجا دوای ئەوە کتێبێك دەرچوو کە زۆر کاریگەریی تێکردم لەو کتێبە عەرەبیانە، ئەویش هەر بەکاریگەری گەلاوێژ بوو، لەگەلاوێژدا شت بڵاودەکرایەوە لەسەر بۆ نموونە پیاوە گەورەکانی دونیا، کتێبێك دەرچوو لەساڵی ١٩٤٦ یان ١٩٤٧ بینیم ناوی «الديمقراطية الحديثة» زەکی خەیری تەرجەمەی کردبوو، لەپاشان کتێبێکی تریش هەر زەکی خەیری تەرجەمەی کردبوو بەناوی (رجل آسيا) لەسەر ماوتسیتونگ بوو، ئینجا من بەڕاستی ئەو دوو کتێبەم زۆر خوێندۆتەوەو زۆرپێی کاریگەربووم، چونکە زۆر باو بوو لەشارەکەی ئێمەو وەك حیکایەتێك وابوو، چاکترینیان بوو بۆ عەقڵو تەمەنی من کە لێی تێدەگەیشتم، دەتوانم بڵێم کاریگەریی ماوتسی تۆنگم لەو کتێبەوە کەوتەسەر، چونکە لەسەر ئەو بوو و باسی خەباتو کاروانی گەورەو ئەوانەبوو هێشتا لەچین سەرنەکەوتبوونو لەشاخ بوون، ئەو کتێبە زۆر کاریگەریی هەبوو.

لەساڵی ١٩٤٨ چووم بۆ بەغدا، ماملۆستایەکمان هەبوو ناونیشانی کتێبێکی دامێ، وتی: بیکڕە، بێگومان ئینگلیزی بوو، هیچی لێ تێنەگەیشتم، دوو کتێبی دامێ وتی بۆم بکڕە، بۆم کڕی یەکێکیان ناوی «دە ڕۆژ دونیای هەژاند» هەرگیز لەبیرم ناچێ، لەمنداڵییەوە لەبەرم کردووە، ئەوە لەکتێبخانەی مەرکەزی بۆم کڕی، تەنها وەرگێڕانەکەی ئەوە بوو لەگەڵ

کاك عومەر دەبابە چووین ئەو بردمی لەو کتێبخانەیە بۆی کڕیم، کتێبێکی دیکەش هەبوو بەناوی «ستالین ئۆن لینین» ستالین لەبارەی لینینەوە. جا ئەو «ستالین ئۆن لینین»ەم لەبیرە، چونکە مامۆستایەکمان هەبوو ناوی زەکی ئەحمەد هەناری بوو ئەو کتێبەی لەو مامۆستایەوە وەرگرتبوو، زەکی ئەحمەد ئینگلیزیی دەزانی، مامۆستاکەمان ئینگلیزی نەدەزانی، خۆی دانابوو کە بەوە ئینگلیزی فێر ببێ، زەکیە فەندی گاڵتەی بەشیوعی دەکرد، پیاوێکی زۆر خۆش بوو، هەرگیز لەبیرم ناچێ هەمووکات دەیگوتو خەڵکی پێ تورە دەکرد. بەو قسانەی ستالین لەوێدا باسی ئەوە دەکات کە لینین دەڵێت «هەتیو وس بن لینین هات»، ڕەنگە تێیدا نەبێ، ئەو ئەوەی دەهێنایەوە بۆ گاڵتەو گەپ.

ئەو کتێبانەم لەبیرە لەوانەی کە خوێندبێتمەوە لەپەنجاکانیشدا مێژووی حزب بڵاوبوّوە، خالید بەگداشیش دوو کتێبی هەبوو زۆر باو بوو، یەکیان ناوی «النظام والأستقلال» فی سوریا ولبنان» ڕاپۆرتەکەی بوو بۆ کۆنگرەی حزبی خۆیان، لەپاشان کتێبێکی هەبوو لەسەر «الحرب الاهلية في اسبانيا» ئەوەش باو بوو، پاشان مێژووی حزبی بۆلشەویك بڵاوبۆوە، ئەوەش کاریگەریی هەبوو، ئەو زەمانە ئەو کتێبانەی کە بەرچاوم کەوتبوونو من خوێندبێتمەوە هەر ئەمانە بوون.

*زیاتر کتێبی سیاسی بوون؟

لەساڵی ١٩٥٠ یەك کتێبی ئەدەبیم خوێندەوە کە ئەوە لەوانەیە ئاخرو ئەوەڵ بووبێت لەتەمەنمدا، چیرۆکی ئەجنەبی بوو بەناوی ئانا کارنینا هی تۆلستۆی، هیچی دیکەم نەخوێندۆتەوە هەروەها ڕۆمانی (الام) یش باو بوو.

*باشە وەك یەکێ لەوڵاتی جیهانی سێیەم کە پڕە لەنەخۆشی کۆمەڵایەتی کە دوا ناوەندیت تەواو کرد، چەند گرفتی کۆمەڵایەتیت بەلاوە گرنگ بوو؟

-من لەناوەندی بووم زۆرتر بووم بەسیاسیو چالاکیش بووم، هەم لە یەکێتیی قوتابیان بوومو هەم خەریکی ئیشی حزبی بووم، لەبەرئەوە نەمپەرژاوم لەوەی بیر لەگرفتی کۆمەڵایەتی بکەمەوە، تەنها ئەوەی کە ڕووبەڕووم دەبۆوە، خوێندکاری فەقیر بوو، هەمیشە یارمەتی ئەو کەسانەمان دەدا کە زۆر فەقیرن، زستانان قاپوتیان نییە، کە بۆیان بکڕین. دەفتەرو کتێبیان نییە کە بۆیان بکڕین، ئەوە یەکێك بوو لەو گرفتانەی مەسەلەی جووتیارو دەرەبەگایەتیو ئەو زوڵم و زۆرەی کە لەجووتیار دەکرا. لەبیرمە ئەوەڵجار کە

مێشکم بەوە کرایەوە شیعرێك بوو کە یونس رەئـوف (دڵـدار) ناردبووی بۆ گەلاوێژ کە بڵاوکرابۆوە، ئەوەی دانەری ئەی رەقیب هەر ماوە (دڵدار)، شیعرێکی نووسیبوو لەسەر کەسێك کە لالەباس-ی ناوبوو، ئێستاش هەندێکیم لەبیرە، باسی جووتیارێك دەکات عەزیز ئاغای ساڵح ئاغا غـەدری لێکرد بوو، ئەویش ناردبووی بۆ گەلاوێژ، ئینجا من کە گەلاوێژم دەخوێندەوە ئەوەشم لەبەرکرد، لەیەکێك لەو کۆبوونەوانەی خوێندنگەدا خـوێـنـدمـەوەو ئـەوە گرفتێکی دروسـت کـرد، ئەفسەرێك لەوێ بوو، کە پیاوێکی زۆربـاش بوو ئێستاش هەموومان دەیناسین ناوی حامیدە قـەرەبـوو «حامیدە رەش» ئەوە تازە هاتبوو ببوو بە ئەفسەری نفوسی کۆیە، پێش ئەو ئەفسەرێکی تری لێ بوو ئەو لەشیعرەکەدا هەجوی ئەفسەر دەکاتو دەڵێت: (یەك کوڕم هەبوو بردمە لای زابتەکە بۆم بکات بە موعیل) «واتە بەخێوکەر»، ئەو وەختە دیارە لالەباس پیاوێکی پیرەو تەمەنی ٨٠ ساڵەو ریشی وەك پەمووەو جا دەڵێت پێموت:

(رەسوولەی کوڕت رەنجبەری چاکە
زەلامی مل هور، لاوی جوست و جۆ
کوا بۆچی جووتت لەباتی ناکا،
بۆچی تۆ نادا، بۆچی نابرێ شۆ)

ئینجا دەڵێ:

(کردی بە عەسکەر، بردی لە بۆ کۆ
لە کۆیە چوومە لای زابت ووتم
ئەفەندی عومرم گەییە حەفتاو نۆ
بێجگە لەم کوڕە ووجاغم کوێرە
بەمنی ببەخشە مەمکە رەنجەرۆ
زابت تووڕە بوو هەڵسایە سەر پێ
فرێی دامەدەر، بە پاڵەپەستۆ).

حامیدە قـەرە تـورەبـوو لەیونس، بۆیە ناچاربوو لەژمارەی داهاتووی گەلاوێژدا روونکردنەوە بداتو وتی ئەو وەختەی کە من ئەو شیعرەم وتووە، فڵانەکەس لـەوێ نـەبـووە، یەکێکی تر لەوێ بووە، ئەوەشم لەبیرە ئیتر بوو بەقەرەباڵغی لەکۆبوونەوەکەدا، ئـەوەش کاریگەریی تێکردم لەڕووی کۆمەڵایەتیو دەرەبەگایەتی جووتیارو توتنەوان، چونکە پەیوەندیمان هەبوو، هیچی ترم لەبیر نایەت وەك گرفتی گەورە.

*پێدەچێت کە مەسەلەی چوون بۆ نـاو کـاری سیاسیو گرنگیدانت بەسیاسەت پرۆسەیەکی دورودرێـژ بووبێت، نەك بڵێ رووداوێکی تایبەت بووبێ کە پەلاماری دابێتی؟

-نا دوو سێ شت هەیە، بۆکوردبوونو کوردایەتی خوێندنگە بوو، لەخوێندنگە سروودو شیعریان پێدەوتین، بەڵام بۆ راکێشران بۆ حزبایەتیو بۆ سیاسەتو

ئیشوکاری قوتابیان، مامۆستایەکمان هەبوو بەناوی کەمال عەبدولقادر نەشئەت، ئێمەی دەبینی لەخوێندنگە، ڕۆژێك بانگی کردین بۆ ماڵی خۆیان، منو وریا عەلی کە خوێندکارێکی زیرەك بوو، بانگی کردینو فێری کردین کۆمەڵەیەك دروست بکەین، کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری، لەبیرم دێ یەکەمجار فێری پیتی لاتینی کردین، ناوەکەیمان لێنابوو KPX کە (X) پیتی (خێ)-یە، ئەوە لەوەوە فێربووم. بەڵام بۆ سیاسەت لەکاك عومەر دەبابەوە فێربووم، ئەو کاك عومەر دەبابەیە لاوێکی دیاری کۆیە بوو، هاتبوو کە لەچایخانە دادەنیشت لەکۆیە، خەڵك لێی کۆدەبۆوە، ڕۆژێك منیش یەکێك بووم لەوانەی لێی کۆبوومەوە، کاك عومەر ڕۆژێك وێنەی مەلا مستەفاو قازی محەمەدو ڕۆژنامەیەکی کوردستان-ی پێ بوو، یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی پارتی پێبوو دای بەمنو وتی ها بیانخوێنەرەوە، ئەوە ئەوەڵ ڕاکێشانم بوو بەلای پارتیدا، بەڕاستی کە ئەو شتانەم دیت، ئەوە یەکەم چوونم بوو بەلای سیاسەتدا، دوایی هەر لەخوێندنگە قوستمیانەوە، مامۆستایەکمان هەبوو ناوی تاهیر سەعید بوو، پیاوێکی زۆر باش بوو، زمانی ئینگلیزیو عەرەبی باش دەزانی،



ئەو تەکلیفی لێکردمو بردمی کردمی بەپارتی، بەڵام کاك عومەر سەرنجی ڕاکێشام بەو ڕەسمو شتانەوە، کۆماری مهابادم لەبیرە کە چۆن دامەزرابوو، شۆڕشی بارزانم زۆر لەبیر نییە، بەڵام پەرنابەریی بارزانیم لەبیرە، حکومەتی مهاباد زۆر کاریگەریی لەسەرم هەبوو، چونکە بەتایبەتی کۆیە پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە لەگەڵ مهاباد، هەتا هەندێك لەخێزانەکانی کۆیە بەئەسڵ مهابادین، هاتووچۆو بازرگانی هەبوو لەو سەردەمانەدا، هەموو ڕۆژێك هەواڵی مهاباد دەهاتو دوو کۆییش ڕایان کردبوو چووبوونە مهاباد، هەردووکیان باس دەکران لەکۆیە، یەکێکیان بەکر کەریم بوو ئەفسەر بوو، ئەوی تریان محەمەد تۆفیق وردی

بوو کەپێشتر مامۆستای خۆشم بوو، رایکردبوو چووبووە ئەوێ، دەمانپرسی مامۆستاکەمان چی لێهاتووە، دەیانوت چووە کوردایەتی بکات، ئەوە زۆر کاریگەریی تێکردمو ئەمە زەمینەی سیاسیشی دیاری کردین لەوەی کە کورد هەقی هەبێو ئەوە رووس بوو بەخۆشەویست لامانو ستالینو شیعرەکەی هەژار ئەو وەختە باو بوو:

بژی ئیستالین خۆش بێ چەکوچ و داس

لەژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس

ئەو شتانە زۆر کاری تێدەکردین. من یەکەمجار مەیلم بەلای ئەوانەوە بوو کە قسەیان بۆ دەکردین، شیوعییەکان بوون، ئەکتیڤ بوون، بەڕاستی لەسەر ئەوەی کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە تێکچووم، من باوەڕم بەوە بوو کە چۆن دەبێ نەتەوە نەبێت، تێکچووم, شیوعییەکان بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە، کورد نەتەوە نییەو مافی چارەی خۆنووسینی نییە، ئەوەم پێ ناخۆش بوو، ئەوە لەڕووی فیکرییەوە دایچڵەکاندم.

*وەك شەخسێك، مەسەلەی بوون بەکورد چۆن تێدەگەیتو لەبەشەکانی تری کوردستاندا کاریگەریی تر هەیە، بۆنموونە کوردی تورکیا هەتا تەمەنی ٢٥ ساڵ هەر لەمنداڵییەوە شتێکی سروشتی بوو، بۆنموونە ئێستا کەسێکی بێگانە پرسیارێکت لێ بکات بپرسێ بۆچی دەڵێی کوردم لەجیاتی ئەوەی بڵێی عیراقی یان ئێرانیم بۆچی وایە؟

-بەڕاستی من خۆم بەعیراقی نازانم لەدڵی خۆمدا خۆم بەکورد دەزانم، نەفەری نەتەوەیەکم کە داگیرو دابەشکراوە، عیراقییەکە وەکو شتێك کە بەزۆر بەسەرمدا سەپابێت وایە، بەڵام لەواقیعدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەم کە عیراقیم.

*باشە بۆچی خۆت بەعیراقی نازانی هۆیەکەی چییە؟

-چونکە نەفەرێکم لەنەتەوەی کورد، دووەم ئەو عیراقی بوونە بەدەستکردێکی ئیستعمار دەزانمو بەعینوانی داگیرو دابەشکردنی کوردستانو سەپاندنو لکاندنی دەزانم.

*باشە کە دەڵێی من کوردم ئەو وشەی کورد یان کوردبوونە خۆی لەچیدا دەنوێنێ، چ مانایەکت دەداتێ کە دەڵێی من کوردم؟

-بێگومان بەکورد دروست بوومو فیکرەیەك نییە من هەڵمبژاردبێت لەکۆمەڵگەیەکدا دەژیم باوکمو دایکم کوردنو لەخاكو ئاوی کوردستان پەروەردەبوومو هەست دەکەم کە ئەندامێکی ئەو نەتەوەیەم.

*واتە مەسەلەی ناسنامەو کەسایەتی

**لەوەدا دەبینی یان لەچیدایە؟**

-كوردبوون بەشانازی نازانم لەسەر میللەتێكی تر، وەك یەكێك لەقولەڕەشەكانی ئەفریقاش دروست بام، هەر هەمان هەستم دەبووم، لەبەرئەوە من وەك شتێكی سروشتی دەبینم كە كوردم، نە هەست بەكەمی دەكەم كە كوردم و نە هەستیش بەفەخرو خۆبەزلزانی دەكەم كە بەكورد دروست بووم، لای خۆشمەوە هیچ پەشیمان نیم كە كوردمو واش نییە كە وابزانم شانازییەكمان هەیە بەسەر مرۆڤایەتیی‌و نەتەوەی ترەوە، بەڵكو بەڕووداوێكی مێژوویی دەبینم، وەك ئەندامێك دروست بووم لەو نەتەوەیە.

***مەبەستت ئەوەیە كە مرۆڤ ناسنامە میللییەكەی گرنگە؟**

-بەڵێ ناسنامە میللییەكەی خۆم بەكورد دەزانمو لەبنەڕەتەوە بۆ كورد خەبات دەكەمو كورد هەقی خۆیەتی مافی خۆی وەربگرێو ئەوە بەلامەوە گرنگەو پێم شتێكی سروشتیی‌و ڕەسەنە ئەفكارو ئەو حاڵەتە نییە وەك كوردبوون، بۆنموونە كورد بوون ڕەسەنترە لەوەی دیموكراتییەتی كوردی بێ یان سۆسیالیستی كوردی بێ، كوردبوون شتێكی سروشتیی‌و ڕەسەنەو مرۆڤ توند دەبەستێتەوە بەژیانو مانو نەمانو ئاوو هەواو وجودەوە.

***مرۆڤ ئەگەر بیر لەوەزعی پێش زەمانی شۆڕشی فەرەنسا بكاتەوە، پێش ئەوە دەوڵەتی میللی دروست بووە، بۆنموونە مرۆڤ ناسنامەو بوونی خۆی بەشتی دیكەوە بەستووە، بەڵام ئێستا بەلای تۆوە مەسەلەی میللی چۆنە؟**

-مەسەلەی میللیی‌و نەتەوەیەتی بەدوو شتی سروشتی دەزانم كە لەمێژوودا دروست دەبن، لەئەنجامی ئابووری، سیاسی، جوگرافی، زمان ، مێژوویی هەموو ئەوانە دروست دەبن، هەموو ئەوانە، لەبەرئەوە خۆ ئینكاركردن بەناسروشتی دەزانمو بەناڕاستی دەبینم.

ئەوە پرۆسەی خۆی هەیە لەمێژوودا نەتەوە پەیدابوونو گەشەكردنی‌و رۆشتنی، قۆناغی مێژوویی خۆی هەیە، كە لەو قۆناغە مێژووییە دەژێیم كارلێك دەكەمو خۆم دەگونجێنم و هەوڵ دەدەم بەرەو پێشی بەرم، بەو مانایەش نییە، كە ئێستا هەموو جیهان ببێت بەیەك دەوڵەتیش من پێمباشە، نەتەوەپەرستێكی تەسك بین نیم، بەڵام لەواقیع ڕاناكەمو لەوە ڕاناكەم كە كوردمو سروشتی كۆمەڵگەی كوردو قۆناغی گەشەسەندنو مێژووی كوردستان لەوەدایە، نەتەوە حەقیقەتێكەو جووڵانەوەی نەتەوایەتی

تێیدا پەیدادەبێتو دەبێت رزگاربێتو لەسەر بنەمای ئەوەی بۆنموونە من خەبات دەكەم، كوردایەتی دەكەم، رزگاریی یەكگرتنەوەی نەتەوەی كوردو مافی چارەنووس، لەسەر شتێكی عیرقیو نەتەوەیی تەسك نایكەم، وەكو پرۆسەیەكی مێژوویيو ئابووریی سیاسی تێیدا بەشدار دەبم، واتە ئەو پرۆسەیە بابەتییەو بەئەنجامی دۆخی ئابووریو ئەنجامی پێداویستیی پێشكەوتنی كۆمەڵگەو پێداویستیی پێشكەوتنی ئابووریی سیاسی هاتۆتە كایەوە، نەك وەكو مەسەلەیەكی سۆزداریيو ئیتنیكی.

*باشە بەشێكت لەپرسیارەكەی من وەڵام دایەوە، بەڵام بەگشتی كوردبوون كە ئێستا باست كرد، خۆی لەچیدا دەنوێنێ لەزمان، لەفەرهەنگ، لەفولكلۆر لەدین لەرێرەوی مێژوویی؟

-هەمووی پێكەوە، هەموو ئەو شتانە پێكەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ كورد هەر ئەوە نییە بەزمانی كوردی قسە بكەین، كوردبوون ئەوەیە نەفەرێكی لەكۆمەڵگەی كوردستان، زمانی كوردی، كەلتووری كوردی، شارستانییەت، پێداویستیی پێشكەوتنی كوردی، هەمووی دەگرێتەوەو چارەنووسی هاوبەش دەگرێتەوەو هەوڵدان بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگەی كوردیو فیكرو رزگاربوونو هاتەدەر لەبندەستی ئیستعمارو ئیستبدادو كۆڵۆنیالیزم دەگرێتەوە، دیموكراسیو ئازادی دەگرێتەوە، مەسەلەی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی دەگرێتەوەو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە.

*ئەی مەسەلەی ئەو پێكهاتە دەروونییەی كە لەلای كوردە لەئەنجامی ئەو خەباتە؟

-بەڵێ مەسەلەی ئەو پێكهاتە دەروونییەی خۆم وەكو زانینی كوردەواریو كوردایەتی شتێكی زۆر بنەڕەتینو رەگیان داكوتاوە لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا، بەبڕوای من هەڵەی هەندێك لەماركسییە رووكەشییەكان یان ستالین ئەوە بوو كە ماوەی زەمەنی بۆپێشكەوتن حساب نەدەكرد، وای دەزانی بەپەلەپەل شت دەكرێت، بۆنموونە زاڵبوون بەسەر نەریتی كۆمەڵایەتیدا، ئەوە بەوە ناكرێ هەر كۆمەڵگەكە بگۆڕی، یەكسەر بنەمای ئابووریو سیاسییەكەی دەگۆڕدرێتو ئیتر ئەو نەریتو تەقالیدە دەیان ساڵ دەمێنێتەوە پاش ئەو گۆڕانەش، بۆنموونە دین بەوە ناكرێو نابێت هەر خورافاتو یان دەوڵەتێكی بێ دین سەدان ساڵ دەمێنێتەوە، لەكۆمەڵگەدا كاریگەریی هەیە، هەستی نەتەوەیی هەر بەوە

نابێ زوڵمی نەتەوەیی لابەریتو ئیتر کارلێکی ئابووری چارەسەر بکەیت، بەڵکو دەیـان سـاڵ دەمێنێتەوە، پەیوەستبوون بەوڵاتو بەمیللەت شتی زۆر قووڵە، چۆتە خوارێ بۆ ناو کرۆکی کۆمەڵگەو لەکرۆکی دۆخی ئابووریو کەلتووری کۆمەڵگەدا رەگی داکوتاوە.

*ئێستا زۆر لە زانایانی سوسیال ئەنتۆفی لوبیو لەهەندێك نووسینی دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ئەوروپییەکان ئەوە دەهێننەوە پێش کە کورد میللەت نییە، نەتەوە نییە، تۆ رات لەسەر ئەوە چییە، بەبڕوای تۆ کورد میللەتە یان نا؟

-من پێموایە کورد میللەتەو میللەتێکی کۆنیشەو پێشکەوتنی یان پەیدابوونی کـورد وەك میللەتێك لەزەمانێکی کۆنەوەیە، بـەڵام میللەت بەواتای نەتەوە، رووداوێـکی مێژووییە وەك رووداوەکـانـی تری مێژوو، سەرەتای هەیە لــەڕووی کۆرپەلەیی، ئینجا گەلاڵەبوونی، ئینجا لەدایکبوونی، ئینجا کامڵبوونی لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریـکـراودا، من پێموایە نەتەوەی کورد بەشکڵی کۆرپەلەیی دروستبووە. لـەمـێـژووی کـۆمـەڵـگـەی کـوردداا دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی ١٨و١٩، کە دۆخـی ئـابـووریو کۆمەڵایەتی ئەوە پرۆسە نییە، بەڵام چونکە بەشکڵێکی کـۆرپـەلـەیـی بــوو، داگـیـرکـردنـیو دابەشکردنی کوردستان نەیهێشت ئەو پرۆسە مێژووییە مەوداکانی خۆی وەربگرێو لەڕووی ئابووریی هاوبەشو کەلتووری هاوبەشو زمانی هاوبەش، بەڵکو کۆسپی تێخست، بۆیە نەیهێشت بەشکڵی نەتەوەیەکی پێگەیشتووی موتەکامل کـورد بێتە کایەوە، بەڵام لەناحیەی رەگـو ریشەی مێژووییەوەو لەلایەنی پێکهاتەی دەروونییەوە کە هەموو کەس خۆی بەکورد دەزانـێ، لەڕووی بنەمای زمانەوە کە کۆمەڵەیەکی هاوبەشی هەیە، هەرچەندە لەهجەی جیاجیای هەیە، لەهجەی جیاجیا خۆت دەزانی لەهەموو زمانێکی پێشکەوتوودا هەیە، لەئەڵمانیدا، لەئینگلیزیدا،



لەتورکیدا، لەعەرەبیدا هەیە. بێجگە لـەوە زەوی هاوبەشی هەیە، کورد ماوەیەکی دیاریکراو ژیانی ئابووری هاوبەشی هەبوو، دوایی داگیرکردن تێکیدا، دابەشکردنی ئەڵمانیا جیایە، چونکە ئەوە دوای پەیدابوونی پڕۆسەی نەتەوەبوو، لەبەرئەوە نەیتوانی بگاتە نەتەوە، لەبەرئەوە کورد نەتەوەیەو پێداویستی ئەوەشی هەیە. من پێموایە ئەو پێناسە تەسکەی لەمەڕ ستالین راست نییە، واتە جار هەیە کۆمەڵێك وابــووە، هەموو مەرجەکانی تـەواوە نـەخـێـر، مـن دەڵـێـم نەخێر بەبێ ئـەو مەرجانە مومکینە تـەواو بێت، بەتایبەتی عەرەب بەنموونە بهێنینەوە، هەموو وڵاتەکانی خۆیان بەعەرەب دەزانـن، (امـه عربیه واحـده) ئەگەر بێتو پێناسەکەی ستالینیان لەسەر جێبەجێ بکەین، هیچ ژیانی هاوبەش نییە لە نێوان سوریاو مەغریب، لیبیاو سعودیە، عـیـراقو میسر لوبنانو سـودان، بـەڵام نەتەوەشن، بەرەئی من بۆنموونە پڕۆسەیەك لەمێژوودا بـووە، دوایـی کۆسپ هاتۆتە رێی، هەندێ شتی پێشکەوتنی پڕۆسەکە راناگیرێ، واتە پێکهاتنی پڕۆسەکەی پێ راناگیرێ، پێشکەوتنی پێ رادەگیرێ، واتە پێشکەوتنی پڕۆسەکە رادەگیرێ، نەك پێکهاتنی پڕۆسەکە. کورد وەکو لەمناڵدانی مـێـژوودا لەدایکبوو و هـاتـەکـایـەوە، ئینجا ئـەو نەتەوەیە قانونی هەیە، قانونی لەدایکبوونی نـەتـەوە، گـەشـەکـردنـی نـەتـەوە، پێگەیشتوو، لەکۆتاییدا پیربوونی لەدونیاو لەدایکبوونەکەی بوو، بەڵام گەشەکردنو پەرەسەندنەکەی نەبوو، ئەوە دەبێتەوە هۆی شتێکی بنەڕەتی پاڵنەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کـوردسـتـان ئـەوەیـە کـە دەبـێـت ئەو قانونە مـەودای خـۆی وەربگرێتو جێبەجێ بکرێ، لەبەرئەوە بزووتنەوەی رزگـاریـخـوازی کوردستان هەمیشە هێزی یاسا لەوەوە وەردەگرێ.

-*بـاشـە قەناعەتت وایـە کە کورد نەتەوەیە، دەبێت چی بەدەست بهێنێت وەك میللەتان؟

-هەموو شتێك، بەکورتی رزگاربوون، یەکبوونەوەو دەوڵـەتـی سەربەخۆ، جا نازانم ئەو دەوڵەتە فیدراڵ دەبێ یـان کۆنفیدراڵ دەبـێ، کـورد دەبێ سێ شت بەدەست بهێنێت، رزگاری، یەکبوونەوە، دەوڵـەت، ئەو سێ شتە بنەڕەتییە، ئەوە قانونی پێشکەوتنە، بەرەئی من ئـەوە حەتمییە، قانونی نـەتـەوە ئـەوە دەخـــوازێ، قانونی نـەتـەوە کەگەشەی کـرد ئـەوەیـە کە ئەو میللەتە دەبـێ رزگاربێتو لەبن دەستی نەتەوەی تر بێتە دەرێ، ئینجا

ئەگەر پارچەکراوبێت یەك بگرێتەوە ئینجا دەوڵەتی خۆی هەبێت، ئەوە قانونەکەیەتی. ئەو قانونە حەتمەن دەبێ جێبەجێ ببێت، ئەوە حەتمیەتی مێژووییەو بەڕەئی من جگە لەوە هیچ شتێك گرفتی نەتەوەیی چارەسەر ناکات، بۆنموونە گرفتی چارەسەری ریشەیی و لەبنەڕەتەوە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوە بەوە دەبێت کە رزگاری بکەیتو یەکی بخەیتو سەربەخۆیی خۆی بدەیتێ، مافی چارەنووسی خۆی بدەیتێ، ئینجا دوای چارەسەریی خۆی لەگەڵ چ کۆمەڵەیەك تێکەڵاو دەبێ، سنووری گومرگیو سیاسیی خۆی چی لێدەکات ئەوە شتێکی ترە.

دیارە ئەوە بەو مانایە نییە میللەتان لەپێشدا بەقۆناغی تردا ناڕۆن، میللەتان بەقۆناغی موستەعمەرەدا رۆیشتوون، بەقۆناغی نیمچە حوکمی زاتیدا رۆیشتوون، بەئینتیدابدا رۆیشتوون دوایی سەربەخۆییان وەرگرتووە، کوردیش مومکینە لەدۆخی داریکراودا ئەوانە قبوڵ بکەن، بەڕەئی من کوردستانی تورکیا، تورك ئیعتراف بکات بەبوونی نەتەوەی کورد یا مافی دیموکراتی بداتێ، مافی حزبایەتی بدات، شتێکی زۆر گەورەیەو پێویستە کورد لەم قۆناغەوە بەدەنگیەوە بچنو کەڵکی لێوەربگرن بۆ خۆسازدانو خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی دوای ئەوە.

*واتە بەقەناعەتی جەنابت ئەوەیە پرۆسەیەکی زۆر سروشتییە بۆ هەر میللەتێك کە دەبێت لەئەنجامی کۆتاییدا دەوڵەتی خۆی دروست بکات؟

-بەڕەئی من ئەزموون دەریخست ئەوە نەبێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نابێ، هەتا یەکگرتنی کۆماریی هاوبەش هەیە، تائێستا زۆر سەرکەوتوو نییە، دوو نموونە هەیە، لەئەوروپای شەرقیو غەربیشدا، تەماشاکەن هیچیان ئاشتەوایی نەتەوایەتی دروست نەکردووە، نە لە بەلجیکا، نە لە ئیسپانیا دروست نەبووە، نە لە یۆگسلاڤیاو نە لە سۆڤێت دروست نەبووە، ئێستاش گرفتیان هەیە لەسەر زەویو سنوورو ئاشتیی هەمیشەیی لەنێوان گەلاندا دروست نەبووە.

*باشە بەقەناعەتی ئێوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی میللی ئاوا بۆ کورد دەتوانێ چی بەدەست بهێنێت کە لەدۆخی ئێستادا ناتوانرێ بەدەست بهێنرێت لەو رەوشەی کە ئێستا هەیە؟

-زۆر شت، یەکەم دەوڵەتی نەتەوایەتی دەکاتە پێکهاتنی نەتەوە، کامڵبوونی نەتەوە، دەکاتە کەلتوورو پێشکەوتنی کەلتوور، دەکاتە پێشکەوتنی ئابووریو گەشەکردنو چارەسەرکردنی گرفتی کشتوکاڵو

پیشەسازی، دەکاتە مەسەلەی پاراستنی شارستانییەتی کوردو پاراستنی شوێنەوار کە ئێستا دەدزرێ، سامانی کوردستان لەمیللەتەکەدا سەرف بکرێت، پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنی پیشەسازیو کشتوکاڵو ئاوەدانی، کوردستان هەر لەدارو درەختەوە دەیگرێتەوە تا سەر شوێنەواری مێژوویيو مەتحەفو سەربەخۆیيو داینکردنی هەستی نەتەوەییو دیموکراسیو ئازادیو ئینجا گەشەکردنی ئابووریيو کۆمەڵایەتیو کەلتوورو شارستانیو هەمووشت دەگرێتەوە.

*ئەگەر بیری لێبکەیتەوە، ئەو هۆیانە چین کە پاڵ بەمیللەتی کوردەوە دەنێ کە زۆرجار شۆڕشو راپەڕین بکات، ئایا لەغەریزەوە کورد میللەتێکی شەڕکەرە؟ ئایا بەسەریدا سەپێنراوە یان هۆکاری بێگانەیە، یان هۆکاری زاتیی خۆیەتی یان هەندێك دۆخی دیکەیە؟

-من پێموانییە کورد میللەتێکی شەڕخواز بێ، یان هەر حەزی لەشەڕو شۆڕبێت، بەپێچەوانەوە، پێموایە حەزی لەئاشتیو پێشکەوتنە، بەڵام ئەو شەڕانەی کە دەبێت، هۆی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی کوردستان لەلایەن دەوڵەتەکانەوەو دابەشکردنی کوردستانە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوەو بێ بەشکردنی میللەتی کوردە لەمافەکانی خۆی، مافی سیاسیو چارەنووس. هۆی دووەمی دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردستان کە پێداویستی کۆمەڵگەی کوردستان کە بەرەئی من پێشکەوتن شتێکی حەتمییە، هەمیشە کۆمەڵگە لەگەشەکردنو پێشکەوتندایە، ئەوە پێداویستی گەشەکردنو پێشکەوتنی جووڵانی کۆمەڵگەی کوردستانە، ئەوەی دەوێ کە کۆسپی بنەڕەتی لەرێگاکەیدا داگیرکردنی بێگانەیەو زوڵمو زۆری بێگانەیەو دەبێ زوڵمی نەتەوایەتی لابچێ، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەو زوڵمو زۆرەدا پێکدا دەداتو ئەو شۆڕشە پەیدا دەبێت.

هۆیەکی تری ئەوەیە کە ئەو ناکۆکیو رێگەگرتنە لەگەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەلایەن داگیرکەرانەوە بۆتە هۆکاری رێگەگرتن لەگەشەکردنی جوتیارو دەبێتە هۆی جووڵاندنی ناکۆکی چینایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردی، ئەوە هەمووی کۆبووتەوە ئەو هەموو فاکتەرانە پێکەوە کاریگەریی فیکریو سیاسیو هەستی نەتەوایەتی، سەرباری ئەوە کە هەستی شۆڤێنی لای دەوڵەتەکانی میللەتەکانی کاربەدەست، بۆنموونە پەیدابوونی بیروباوەڕی تۆرانیزم وایکرد کە کورد لەتورکیا

هەست بکات کە کـوردەو تورکمان نییە، خەباتی نەتەوایەتی دەست پێبکاتو پەیدابوونی بیری تەسکی نەتەوایەتی عەرەب لەعیراقو سوریا وایـکرد کـوردیش خـۆی بناسێت کە کوردەو حسابی پاراستنی خۆی بکات، هۆکارێکی تری ئەو شەڕانە هەوڵی تواندنەوەی کوردە لەلایەن دەوڵەتانی عیراقو تورکیاو پێکەوەکردنی ئەو شەڕانەی کە لەکوردستان روویدا.

بەرەئی من ئەگەر عەبدولکەریم قاسم بەدیموکراتی بمابایەوە، هەندێك مافی دیموکراتیو نەتەوایەتی زیاتری بـدایـە بـەکـورد، شـەڕ نـەدەبـوو لە کوردستانی عیراق، ئێستاش بەرەئی من حەقێکی مرۆییو دیموکراتی بەکورد بداتو بیناسێ، ئەوا شەڕ نابێ، کورد هەر شەڕی ناوێو گوتەی «کورد حەزی لەیاخی بوونە»، تۆمەتی دوژمنانە بۆ کورد.

*باشە ئەگەر تەماشای گەلانی تر بکەین، ئەمە چەند کاریگەریی لەکورد کردووە، وەك ئاوێنەیەك وەك نموونەیەك تەماشا بکات کە ئەویش وەك گەلانی تر بەمافی خۆی بزانێ؟

-مـن پێموایە ئـەوەی کاریگەریی لـەکـورد کـــردووە، جیرانەکانمانە، بێگومان دیـارە، بـەڵام ئـەوە بنەمای نییە، جووڵانەوەی ئەرمەن کاریگەریی کـــردووە لـەکـوردو بۆنموونە لـەدوو رووەوە سەلبیو ئیجابی. پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتیو جـووڵانـەوەی ئـەرمـەن کـاریـگـەریـی کـــردووە، رووناکبیرانی نەتەوەی کـوردو بەڵێ بۆ ئەرمەن بکا بۆ ئـەوان نەیکەن؟ لەلایەکی ترەوە بۆرژوازیەتی ئەرمەن ویستویەتی نەخشەی نیشتمانی واتە وەك ئـەوەی چەند کـوردێك بێت نەخشەی ئیمپراتۆرییەتی ئەیوبی بێنێو بڵێ ئەوە هەمووی خاکی کوردستانە، وەختێ رۆژێ لەرۆژان ئیمپراتۆریەتی ئـەرمـەن هـەبـووە، خاکی کوردیش هـەبـوو، خاکی تورکیش هـەبـووە، خاکی عەرەب هەبووە، ئەو دەیەوێت ئەوە بکاتە نەخشەی ئەرمینیا، ئەوەی کورد وەختی خۆی کردوێتی، خەڵکی کورد جووڵاندنەوەی، تەبعەن سەیری شیعرەکانی حاجی قادر بکە، شیعری حاجی قادر ناوی هاتووە بۆنموونە، لەبەرئەوە خۆی لەخۆیدا دەجوڵێ، بۆنموونە تورك کوردی جووڵاندووە، هـــەم تـرسـانـدوێـتـی، هـەمـیـش جووڵاندوویەتی، مەسەلەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب کاریگەریی کردووە لەبیروبۆچوونی رزگاریو دیموکراتی، لـەبـەرئـەوە میللەتانی دەوروبـەر کاریگەرییان کردووە، رزگاریی گەلانی جیهان هـەر وابـــووەو کاریگەریی

کردووە، خەباتیان کردووە، شۆڕشیان کـردووە، کـورد چی لـەوان کەمترە؟ لەئەفریقا هەندێ عەشایەر هەیە بوونەتە دەوڵـەت، دەوڵـەت پەیدا بـووە ژمـارەی نفوسەکەی هێندەی ژمارەی شەهیدەکانی کوردستان نییە کە لەرێگەی ئازادیدا خۆیان بە کوشت داوە.

*باشە بوونی عوسبەتولئومەم یان نەتەوە یەکگرتووەکان یـان هەندێ بنەمای جیهان لەسەر مافی گەلان بۆ مافی چارەنـووس هەتا چ رادەیـەك کاریگەریی کردووە؟

-ئـــەوە بـەڕەئـی مـن کاریگەریی کردووە لەخوێندەوارو سیاسییەکانی کـورد، بەڵام ئەوە نەچۆتە ناو ناخی جەماهیری کـــوردەوە، بەتایبەتی عـوسـبـەتـولـئـومـەم وەخـتـی خـۆی کاریگەریی کـردووە لەخوێندەوارو سەرۆکەکانو واتە ئەوانەش داوای هەق دەکەن، چونکە ئەوانە هیچیان بۆ کورد نەکرد، لەبەرئەوە لەسەرەتادا ئەوانە هاندەربوون، دوایی بۆیان دەرکەوت نەتەوەیەکگرتووەکان راستە بیرو باوەڕەکەی کاریگەریی کردووە، بەڵام دیسانەوە بێ هیوایی داوە بەکورد، کە هەرگیز لەسەر کورد هەڵی نەداوەتی، ئەمانە دەبێت دوو حسابیان بۆ بکەیت، حسابێك یەکەم جار هاندەر بووە، دووەم جار بێئومێدیی داوە بەکورد.

*باشە ئەگەر هاتوو دەوڵەتی میللیی لـەکـوردسـتـان دامـــەزرا، دەبـێـت چ رەنگێك بەخۆیەوە بگرێت، چ جۆرە حکومەتێكو چ سیستمێکی سیاسی؟

-لــەســەر ئـــەو سـیـسـتـمـەی کە مـن دەمـەوێـت بـۆ میللەتی کـورد، سیستمێکی دیموکراسییە، بـاوەڕم بەدیموکراسیی هـەیـە کـە دەبێت لەکوردستان ئـەوپـەڕی دیموکراسی سیاسی لەکوردستان هەبێتو خەڵکی کورد خۆی رژێمی خۆی هەڵبژێرێتو ئازادییەکی تـەواوی هەبێتو خەون بـەوەوە دەبینم کۆمەڵگەیێکی فرە حزبیو فرە بیروباوەڕمان هەبێت، بەشێوەیەکی مەدەنی ململانێ لەنێوان ئەو حزبانەدا بەڕێوەبچێت. من پێموایە کوردستان دەبێت لەسەر دوو قاچ بـڕوات، لەسەر کشتوکاڵو لەسەر پیشەسازیو نابێت هەر بەتەنها گرنگیی بەکشتوکاڵ یان بەپیشەسازی بدات. لەبنەڕەتدا دەبێت ئیهتمکامێکی زۆر بەکشتوکاڵو جەنگەڵو ئاژەڵ بدرێت، پیشەسازیەکانیش گرنگیيان پێ بدرێ کە بۆ ئێمە پێویستن کە ماددەی خاو و ئیمکانییەتی بوونی هەیە لەکوردستان، نەك وەك نەریتەکانی جاران ١٠ ساڵ بتگوتبا کە دەبێت پیشەسازیی قورس دروســت بکەین، ئێستا واناڵێم،

پیشەسازیی قورس ئەو مەوادانەی کە لەکوردستاندا هەیە پێویستە دروستی بکەین، نەوتە، پترۆکیمیاویاتە، ئەگەر ئاسنو کانزاو ئەوانەمان هەیە بەمۆدێرنترین جۆریش بیکەین، بەڵام نەچین دوای ئەوە بکەوین ئەو بیرۆکەیەی کە لەسەرەتای دەوڵەتی سوڤێتییەوە هەبوو کە هەموو شتێك لەولاتی خۆی بێت، هەموو وڵاتێ وابکات کە هەموو شتێك لەولاتی خۆی بێت، بەبڕوای من ئەوە شتێکی هەڵەیە، ئابووریت تووشی هەڵدێر دەکات، ئابووری وڵات ئەوە ئاژەڵ لەلایەكو ئینجا پیشەسازییش ئەو پیشەسازییانەی کە لەکوردستان مومکینە بکرێت، ئەمەی کە دەڵێم دوو قاچە لەسەر قاچێکی کشتوکاڵی بڕۆین، یان لەسەر قاچێکی پیشەسازیی بڕۆین، بەهەمان شێوە لەموڵکییەتدا لەسەر دوو قاچ دەڕۆی لەسەر قاچێك کە موڵکی دەوڵەتە لەسەر قاچێك کە موڵکی کۆمەڵێك لەکەرتەکانەو کە موڵکی تاکەکەسییە، ناکرێ هەردووکی فەرامۆش بکەین، ئەزموونیش دەریخست هەتا لەوڵاتە سۆشیالیستەکانیش کە شکستیان خوارد، ئەوە دەبێت هەمر بواری ئەوە بدەین نابێت تەواو وەك ئەمریکاو ناشبێت تەواو هەر دەوڵەتێ بێت وەك هەندێك وڵاتی تر هاوسەنگییەکی لۆژیکی ماقوڵ بکرێت بەپێی پێداویستییەکی ئابووریی کۆمەڵایەتیو بەپێی گەشەسەندنی زانستیو تەکنەلۆجیو هەروەها بەڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خوێن نەمژینی گرووپی زۆرینە لەلایەن کەمینەوەو نەبوونی خوێنمژین واتە ئیستیغلالو دەبێت بەڕاستی حساب بۆ ئەوە بکرێت.

بەڵام ئەوەی کە زۆر پێویستە گرنگیی پێبدەین ئەزموون دەریخست ئەگەر گرنگیی پێنەدەین کۆمەڵگە دوادەخات کە شتی پێشوەخت نەکەین، بۆنموونە ئەو خۆماڵیکردنانەی کە لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا کرا، هەمووی هەڵەیە، ئەگەر من ئێستا دەنگ بدەم لەپەرلەمانی عەرەبی، دەنگ نادەم بەوەی کارگەی جیبسو ئەوانە خۆماڵی بکرێت، خۆماڵیکردن ئەگەر من بەدەستم بێت لەکۆمەڵگەی کوردستان نەخشەی ئابووریی بکێشم، دەڵیم نەوتو پترۆکیمیاویاتو کانزاکان هەمووی دەبێت موڵکی میللەت بێت، نابێت بدرێت بەکەسەکان، بەڵام خەڵك بۆخۆی کارگەی کۆکا کۆلا دانێ، کوتاڵ دانێ، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر پاش گەشەسەندنە کە بزانین هەموو شتەکان خۆماڵی بکەین، ئەو گەشەسەندنە بەرەئی من رێگەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی دەگرێت، بۆنموونە ئەو



خۆماڵیکردنانەی کە لەوڵاتانی وەك سوریاو عیراقو لیبیا کرا، رێگەی لەگەشەسەندنی کۆمەڵایەتی گرتو دوایخست، گەشەسەندنی ئابووری دواخست، جگە لەوە خاڵێکی تر کە دەبێت حسابی بۆ بکرێت لەئابووری کوردستاندا، داهاتی تاکەکەسو هەوڵی تاکەکەسە کە گرنگییەکی زۆری هەیەو ناتوانین نادیدەی بگرین، واتە بۆنموونە ئێستا پرۆژەیەك دائێین، چێشتخانەیەك دانێین، چوار کەس بۆ خۆیان داینێن، دەستکەوتەکەی بۆخۆیان بێت، زۆر گرنگیی زیاترە لەوەی کە چواریان بۆ بەکرێ بگرین، ئیتر باکی نیە نەوعیەتی باش دەبێت یان نا، خەڵك دێت یان نایەت، بەڕەئی من ئەوە کاریگەریی زۆری هەیە، ئەو شتانەش دەبێت حسابی بۆ بکرێت، من لایەنگری ئەوەم سیستمی کۆمەڵایەتی دەبێت سیستمێکی دیموکراتی بێت، دەبێت خەڵك هەقی هەبێت لەهەڵبژاردندا، باوەڕم بەوەیە دەبێت ژنو پیاو یەکسان بن، نابێت جیاوازی هەبێت لەوەدا، باوەڕم بەوەیە جیاوازی هەبێت لەدینداری لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، دەبێت ئەو کەمینە نەتەوەییانەی کە لەکوردستان هەن نەك هەر نازیان هەبێت، دەبێت یەکسان بن، واتا من بەدەستم بێت لەکوردستانی عیراق ئەرمەنو ئاشوورو تورکمان لەکوردستان ئەوەندە حورمەتیان هەبێت، بیکەین بەنموونە بۆ ئەو میللەتانەی کە کوردیان عەزێت داوە، ئەوەشم پێ زەروورییە جیاوازی ئایین، دەبێت حوریەتی ئایین هەبێت، موسڵمانە، گاورە، جولەکەیە، مزگەوتو شوێنی خۆی هەبێت موحتەرەمانە، بەڵام بەزۆر هیچ شتێك بەسەر کەسدا نەسەپێنرێت.

***باشە بەدیدی خۆت دەوڵەتێکی میللیی کوردستانی ئاوا کە باسی دەکەیت، لەڕووی ئابوورییەوە دەتوانێ ژیانی خۆی بەڕێوەببات؟**

-بەرەئی من زۆر چاك دەتوانێو بنەمای ئابووری دەوڵەت لەکوردستان لەزۆر دەوڵەتی تر زیاترە، کوردستان نەوتی هەیەو کانزای هەیە، کشتوکاڵی هەیە، ئاوی هەیە کە ئەوە زۆر سامانێکی گەورەیە، سەرچاوە ئاوییەکانی دیجلەو فورات لەکوردستان

ئەو سامانە لەسامانی نەوت باشترە، چونکە هەمیشەییە، هەتا هەتاییە. ئەوە بەرەئی من ئەوەندەی کوردستان بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی هەیە، کەمر دەوڵەت هەیەتی، بەڵام لەوانەی خۆرهەڵات هیچیان لەئێمە زیاتریان نییە، وڵاتانی عەرەبی عەرەبستانی سعودی نەوتی هەیە ئاوی نییە، نەوت تاسەر نابێ، ئێرانو تورکیا هیچیان بنەمای ئابوورییان لەئێمە زیاتر نییە، گەشەکردنی ئابوورییان لەئێمە زیاترە، بەڵام بنەمای ئابوورییان لەئێمە زیاتر نییە.

*بەشێکی تری پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا کادری ئیداریو رووناکبیری تەواو هەیە لەکوردستان بتوانێ ئەو دەوڵەتە بەڕێوەببات؟

-بەڵێ پێموایە هەیەو ئێستا پەیدابووە، بێگومان کەموکورتیان دەبێ لەهەندێ مەسەلەی تەکنەلۆجیو پزیشکی، بەڵام ئەوەی بنەڕەتییەکەیمان هەیەو کەڵك وەردەگرین لەبەشەکانی ترو هەموو کورد بکەینە سەریەك، نەشمان بوو، ئەوا تۆ تەماشای ئەمریکا بکە، ئێمەش دەتوانین ئەوە بکەین.

*لەڕووی سەربازییەوە ئەو دەوڵەتە دەتوانێ خۆی بپارێزێ؟

-بەتەئکید ئەو دەوڵەتە وڵاتی کوردستانی بەدەستەوە بێت، دەتوانێ خۆی بپارێزێ، دەتوانێ نەشهێڵێت کەس بیر لەپەلاماردانی بکاتەوە.

*باشە بابگەڕێینەوە سەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی، ئەگەر بتەوێت دەستپێکردنی، ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە بزووتنەوەی میللی کورد لەفڵان شتەوە دەستپێکردووە، ئایا لەشیعرەکانی ئەحمەدی خانی بووە بەڕابەر، حەزدەکەم بۆخۆت ئەگەر خۆت بتەوێت دەستنیشانی بکەیتو بتەوێت لەسەر مێژووی بزووتنەوەی میللیی کورد قسەبکەیت؟

-من لەسەری نووسیوومەو لەکتێبدا باسم کردووە، بۆنموونە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەهەموو دونیادا یەکەمجار بەفیکر دەستپێدەکات، یەکەمجار بەشکڵی ئەفکار دەگرێ، ئەگەر ئەفکاری نەتەوایەتی بوو، خۆی نیشانەی بوونی نەتەوایەتییە، چونکە فیکر لەکۆمەڵگەوە دەردەچێت، شتێك ئەگەر نەبێت فیکرەکەی نابێ، بۆنموونە ئەگەر فڕۆکە نەبێ، مومکینە خەیاڵی فڕۆکە هەبێ، بەڵام وەسفی فڕۆکە ناکرێ، ئەگەر نەتەوەی کورد نەبوایە، کوردایەتی نەدەبوو، لەبەرئەوە لەو رۆژەوە کە کردەوەو بیرکردنەوە هەیە، بۆنموونە ئەحمەدی خانی دوای ئەوە یەکێکی ترە کە باسی کورد کراوە، دیارە کورد هەبووە بۆیە باسی کورد

کراوە، ئەگینا با کورد نەبێ کەس باسی ناکا، شتێك کە نەبێ خەڵك باسی ناکا، شتەکە خۆی نەبوو باسی رەنگو رەنگدانەوەکەی ناکا، لەبەرئەوە بەڕەئی من هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانە، بەڵام ئەوە نەبوو بەهۆی راپێچکردنو رامالینی لەگەڵ خۆیدا، ئەوە لەسەرەتای پەیدابوونی نەتەوەی کوردەو ئەو ئەفکارانە پەیدابووەو هەبووە.

سەدەی ١٩ بەرەئی من کە تێیدا بزووتنەوەی کوردایەتی دەستپێکردووە، یەکەمجار بەشێوەی موعارزەی نفوزی بێگانەو پاراستنی نفوزی کوردی بووە، ئەو ئەمارەتانەی کە ویستویانە بەرگری لەخۆیان بکەن هەر ئەوە نەبووە، تموحی زاتیی میرەکان، بەڵکو لەهەمان کاتدا تموحی میللەتەکەشی تێدابووە کە حاکمی بێگانەی نەبێ، حاکمەکەی لەخۆی بێ، سەرباز نەدات، باج نەدات، ئەوەیە مەسەلەی حوکمڕانیی میللی، لەوەوە ئەو بزووتنەوانەی سەدەی ١٩ من هەمووی بەدرێژکراوەی بزووتنەوەی کوردایەتی دەزانم تا بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، پێموایە بزووتنەوەی بەدرخان زۆر دیعاییەی بۆ کراوە لەمێژووی کورددا.

من رەئێکم هەیە لەسەر مێژووی کورد، دوو غەدر لەمێژووی کورد کراوە، یەکێکیان ئەوەیە کە بێگانەکان کردوویانەو هاتوون هەموو بزووتنەوەکانی ئێمەیان خاپوورکردووەو جنێویان پێداوین، بەیاخیو دژی شارستانییەت وەسفیان کردووینو هەمووی ناڕاستە، دووەمیش ئەوەیە کە هی خۆمان موبالەغەو پیاهەڵدانە شتێکی کورد هەبووبێ کردوومانە بەبزووتنەوەیەکی نەتەوەییو هەندێکجار درۆمان بۆ هەڵبەستووە. پێموایە مێژووی کورد بەشێوەیەکی زانستیو بابەتی وەك ئەوەی کە هەیەو وەکو روویداوە بەواقیع تەماشای بکەین، لەبەرئەوە بەرەئی من بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یەکەم بزووتنەوەی کورد بووە، بەڵام من هەمووی بەکراوەیی دەزانم، لەوەوە یەکەم دەستپێك روویداوە، دوای ئەوە مەسەلەی کوردو بزووتنەوە کوردستانییەکانی تورکیا کە دەیزانی. حزبەکانو بزووتنەوەی مەشروتییەتو ئەوانە لەکوردستانی تورکیا بزووتنەوەی کورد دەستپێکردووە، چونکە یەکەم پێشکەوتنی ئابووری لەوێ بووە، لەپێش بەشەکانی ترەوە بووە، نزیکبووە لەخەلافەتی عوسمانیو نزیکبووە لەشارستانییەتی عوسمانیو نزیکبووە لەئەوروپاو روسیاو هەروەها نزیکتریش

بــووە لـەنـاوەنـدی شارستانییەتو پێشکەوتنو رۆشنبیریو خوێندنەوەو خەڵکی کوردیش لەئەستەمبوڵو ئەوانە کە ناوەندی دەوڵـەتو خوێندەواری ئەوروپاو ئەو شتانە بووە، یەکەمجار جووڵەی کــردووە، لەوێشەوە پەلی هاویشتووە بۆ سەر بەشەکانی تری کوردستان، ئیتر ئەو بزووتنەوەکانی تورکیی عوسمانی لـەوێـوە دەسـت پێدەکات.

*هەندێ نووسەری بێگانە کە دێن باسی بزووتنەوەی کورد دەکەن زیاتر بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە هێزی بێگانەو دەوڵەتی بێگانە لەبەر قازانجی خۆیان پاڵیان پێوەناوەو دواتر وازیان لێهێناوە، بۆیە بزووتنەوەکە لەناو چووە؟

-مـن دژی ئــەوەم، مـن پێموایە بـــزووتـــنـــەوەی دیـــمـــوکـــراتـــی کـــورد بزووتنەوەیەکە لەدەروونی کۆمەڵگەی کوردەوە بووەو بەری پێویستییەکانی گەشەکردنی خەڵکی کوردستانە بۆ پێویستیەکانی گەشەکردنی ئابووری رۆشنبیریو شارستانی دروست بووە، ئەم بزووتنەوەیەی هێرشی بێگانەیەش بـۆ سـەر کـوردسـتـان هـەر لـەوەوە کە رێگری گەشەکردنی کۆمەڵگەی کـوردی بـووە، ئەسڵی بزووتنەوەکە سـەرچـاوەکـەی لــەدڵو دەروونــی خەڵکی کوردستانەوە بووە، بۆنموونە داگیرکردنی بێگانە ئەوەبووە کە رێی گرتووە لەو پێشکەوتنە سروشتییە، بۆیە کورد چۆتەوە بەگژیدا، هەمیشە هـەمـوو دەوڵـەتـەکـانـی دەوروبـــەر ویستویانە یــاری بەمەسەلەی کورد بکەن، یاخود بەهەموو مەسەلەکانی تریش بکەن، دەوڵەتەکان ویستویانە یاری بەمەسەلەی ئەرمەن بکەن، بەهی کورد، عەرەب، تورك بکەنو ویستویانە یاری بەموستەفا کەمال خۆی بکەن، یــاری بــەدەوڵــەتــی عوسمانی بکەن، بەعیراق بکەن هەر ئەوە نەبووە کە یاری بەمەسەلەی کورد بکەن، بەڵام شتەکە چییە، چونکە بۆنموونە ئەوان بۆیان چووەسەرو بوون بەدەوڵەت، بۆیان پینەکرا، ئەی لۆرەنس نەهات سەروەری عەرەبی دروستکردو عەرەبی هاندا؟ بەڵام چونکە دەوڵەتیان بۆ دروستکردن ئەوە پینەکرا، ئەی باشە بزووتنەوەکەی موستەفا کەمال یەکەمجار نەچوو بۆ لای رووسو هاوکاریکردنو دوایـی بای نەداوە بۆ لای غەربو کەس پێیان ناڵێ سەروچاوت برۆیە؟، بەڵام ئەگەر کورد ئەمرۆ لەگەڵ سۆڤێتەو سبەی لەگەڵ ئەمریکا بێت، دەڵێن ئەها هەر رۆژەی لەگەڵ یەکێکن، چونکە ئەنجامی نەبووە، تەنانەت هەموو گرنگییەکی پێ دەدرێــت، بۆنموونە رەزا شای ئێران خۆی دروستکرد وتیان

پیاوی ئینگلیزو رووس بووە، ئینگلیزو ئەمریکاو فەرەنساو دەوڵەتە گەورەکان ویستوویانە لەهەر جێیەك لەدونیا بۆیان بکرێت، دەیانەوێت دەستێکیان تێیدا هەبێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە نۆکەری ئەو دەوڵەتانە بکات؟ بەڵام کە پەیدابوو بەشێکی روسیا دەیەوێت کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەمریکاش دەیەوێت دوژمنایەتی بکات، دەستی تێوەردەدات.

کۆنترا ئەمریکا دروستی نەکرد؟، کۆنترا هەبوو، بەشێك بوو لەبزووتنەوەکە، خۆی دوایی کە جیابۆوە، ئەمریکا ویستی ئیستیغلالی بکات، بزووتنەوەکەی بۆنموونە لەیونوتا لەئەنگۆلا هەبوو ئێ بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی رەسەن بوو لەسەرەتادا، خۆی خستە باوەشی ئەوانی ترو لەوێوە ناچارکرا، ئەگینا دەستکردی ئەمریکا نییە، کۆمەڵگە خۆی زاوزێ دەکات، وەك مرۆڤ خۆی زاوزێ دەکات، بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی رۆشنبیری جا دیموکراتییە یان سۆشیالیستییە ئەوە لەکۆمەڵگەکاندا دەردەکەوێ، دواتر خەڵکی دیکە دێن ئیستسماری دەکەن، لەناو کوردیشدا بێگومان چەندین خەڵك لەبزووتنەوەی کورددا بووە، لەداهاتووشدا کوردستان ببێتە دەوڵەت، دەوڵەتەکانی تر دەیانەوێ ئیستغلالی بکەن، بێگانە، جیرانی خۆی، دەیانەوێ دۆستی بنو بیکەنە هاوپەیمانی خۆیان، بەڵام گرنگ ئەوەیە کورد خۆی رێگە نەدا ببێتە ئامرازی دەستی ئەمرو ئەو، کوردیش ناتوانێ ئەوە بکات.

ئیستا بۆنموونە کوردی تورکیا، کوردی عیراق، ئەزموونە تاڵەکانی کوردی تورکیا، واتە دژی تورك ، مەجبورن لەسوریاو ئێرانو بولگاریا چەك وەرگرن، ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان هەیە، ئەوانیش بەرژەوەندی خۆیان نەما نایکەن، ئەوە سروشتی ژیانە.

***کە باسی هۆیەکانی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردت کردو پێشکەوتنی ئابووری، دەتوانی بۆم روون بکەیتەوە مەبەستت کام پێشکەوتنە؟**

-کۆمەڵگەی کوردستان لەقۆناغێکی دیاریکراودا بەرهەمی لێ پەیدابوو، هەروەها بازرگانی تێکەوتو هەروەها بەرهەمی ئاژەڵی هەبوو دەبوایە بنێردرێتە دەرەوە، ئەوە پارەو پولی هێنایەوە، سەرمایەدارێك پەیدابوو لەکۆمەڵگەی کوردستان، ئەگەر دەستێوەردانی بێگانە یا داگیرکردنی بێگانە نەبایە، بەرەو ئەوە دەچوو گەشە

بکات، کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، ئینجا پێداویستیی پێشکەوتن بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە. مەبەستم لەوەیە پێداویستیی سەرمایەداری لەکوردستان کە بەرەو ئەوە دەچوو لەچییەوە هات لەداگیرکردنی بێگانەوە هات، رێگرتن لەگەشەکردنی پیشەسازی لەکوردستان، سەروەرتو سامانی کوردستانیش وەك ئاوەکانی دەرژێتە دەوڵەتانی ترەوە، تەماشا بکە خاکی کوردستان رووبارەکانی لەچیاکانەوە دێتو دەرژێتە دیجلەو فورات، دیجلەو فورات لەدەشتەکاندا ئاوی پێ دەدرێتو لەکوردستان سوودی لێ نابینرێ، سامانی کوردستانیش لەبازاڕەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبوڵو دیمەشقو بەغداو تاران لەوێ ئیشی پێدەکرێ نەك لەکوردستان، بازرگانیو بانکی لێ دروست بکرێ، ئەوە دەستێوەردانی بێگانەیەو مەبەستم ئەوەیە.

*هەندێ نووسەر وادەنوێنن بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستا بزووتنەوەیەکی عەشایەرییەو بەگشتی وەلائێکی میللییە؟

-ئەو قسەیە راستیشەو ناڕاستیشە لەکوردستاندا، لەکۆمەڵگەی کوردستاندا جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد واتای نەفیکردنی خێڵەکیی کوردەو بزووتنەوەی کورد هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە نەك یەك چینو یەك عەشیرەت، هەموو وڵات دەگرێتەوە نەك یەك هەرێم، ئەوە راستیەکەیەتی.

بەڵام راستییەکەی کاریگەری عەشایەری هەبووە لەکورددا، چونکە هەندێك لەئەنجامی دۆخی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردیدا بۆنموونە هەندێ بنەماڵەی ئاینی کاریگەرییان هەبووە لەسەر بزووتنەوەی کورد



یان هەندێکجار عەشایەر هەڵساوە بەشێوەیەك ئەوەی بەخۆوە گرتووە کە نەتەوەیی بێت. هەندێکی زۆر قسە لەکوردستانی عیراق لەکوردستانی ئێران راستبووە، بەڵام بەڕەئی من مەزهەبی بنەماڵەییەکەی بزووتنەوەی کورد هی خوێندەوارو خەڵکی شارو شارەکانە، خۆت دەزانی شتی خێڵەکی کەمتر بووە، ئەوە مانای ئەوە نییە هێشتا نەماوە بەبڕوای من بەڕاستی دوو هەڵەی مێژوویی کورد نەیهێشت کورد لەمە رزگاری بێ، بەڕەئی من راپەڕینی بەردەرکی سەرا لە (٦)ی ئەیلول لەکوردستانی عیراق یەکەم بزووتنەوەیە کە روودەدات، ئەوە خاڵی زاڵ بوو کە ئیشی بزووتنەوەی کوردی لەدەستی لادێو عەشایەرو ئاغاوات‌و شێخ دەرهێناو دایە دەست خوێندەوار، لەدوای ئەوە بزووتنەوەی خوێندەواران دەستپێدەکات‌و من لەکتێبیکمدا باسم کردووە، دیارە لەسەردەمی مامۆستا ئیبراهیم‌و ئەو گروپە خوێندەوارانەی ئەو زەمانە دەستپێدەکات، دوای ئەوە هیوا دێ‌و حزبێك دروست دەکات بێ ئاغاو شێخ خۆیان سەرۆکایەتیی ناکەن. دوابەدوای حزبی هیواش ژ.ك بوو، ئەویش لەسەرەتاوە وابوو.

مەلا مستەفا بووە هۆی ئەوەی عەشایر بمێنێتەوە لەبزووتنەوەی کورددا و بژێتەوە، لەزەمانی مەلا مستەفادا لایەنی عەشایەری لەسۆران‌و بادینان ژیایەوە، جاران ئەوە نەبوو، من لەبیرمە وەختێ کە هەمزە عەبدوڵڵا لێپرسراوی پارتی بوو کەس نەیدەگوت ئەوە بادینییە، من خۆم یەکێك بووم لەوانەی هەمزەم دەپەرست. نەماندەزانی هەمزە سۆرانییە یان بادینییە، مامۆستا ئیبراهیم بوو بەسکرتێری پارتی، کەس نەیدەوت ئەوە سۆرانییە یان بادینییە، شتی وانەبوو لە بزووتنەوەی کوردیدا ئەوە پاش مەلا مستەفا دروست بوو، ئێستاش لەبزووتنەوەی کوردیدا ماوە، بەڕەئی من ئێستاش لەبزووتنەوەی کوردیدا شتی عەشایەری ماوە، باڵی عەشایەری تەسلیم نەبووە، من پێموایە ئەوا دیاردەیەکە لە خۆرهەڵاتدا هەیە، واتە بنەماڵەو عەشایەر دەیانەوێ، بۆنموونە تۆ لوبنان وەربگرە کۆمەڵگەیەك بوو بەحساب وەکو ئەوروپا بوو، پێشکەوتوو بوو، شارستانی‌و رۆشنبیری بوو، کەچی ئێستا حزبی ئالی جومبولات هەیە، حزبی ئالی شەمعون هەیە، حزبی ئالی جومەیل هەیە، ئەوە لەکوردیشدا ماڵی بارزانی ماونەتەوە، بەڵام من پێموایە لەبەشەکانی تری کوردستان ئەوە نەماوە، لەکوردستانی ئێران بۆ نموونە ئەوە نەماوە. لەکوردستانی

تورکیا هەر نەماوە، واتە هەرچی هەیە بەدەست خوێندەوارانەوەیە، نازانم کە پەرەی سەند دوایی چی لێدێتەوە، لەسوریاش ئەوە خۆت لەمن باشتر دەزانی عەشایەر نییە.

* وەك سەرکردەیەکی گەلی کورد، تۆ بێگومان هەندێ ئامانجو سیاسەتێکی دیاریکراوت لەبەرچاوە کە کاری بۆ دەکەیتو خەباتی بۆ دەکەی، چۆنو چ ئینسترۆمێنتیك بەکاردەهێنی بۆئەوەی ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت؟

-بەرەئی من رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك چاکترین هۆکارە، واتە وردتر بیڵێم هۆشیارکردنەوەو راپەڕاندنو رێکخستنو رێبەرایەتیکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاکترین هۆکارو ... بۆ ئەوەی کە کوردستانی پێ رزگار بکەین، ئەوە بنەماکەی بێتو ئەوە سەرچاوەکەی بێتو ئەوە بناغەکەی بێت، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆیی سەربەخۆ بەفیکرو عەقڵی سەربەخۆبێت، دووەم سەربەخۆبێ لەکلکایەتیی بزووتنەوەی تر، دوای ئەوە هەموو شتێك جائیزە بۆی دەوای ئەم دوو شتە هۆشیارکردنو راپەڕاندنو رێکخستنو رێبەرایەتی ئەو جووڵانەوەیە، هەروەها داینکردنی سەربەخۆیی فیکری سیاسیو رێکخراوەیی بۆی، ئینجا هەموو جۆرە پەیوەندیو هاوکارییەك جائیزو حەڵاڵە بۆئەوەی جێبەجێی بکەیت.

*لەپرسیارەکانی ترو پێشتر لەناو قسەکانی خوتدا وەڵامت داوەتەوە، بەڵام یەکێك لەموشکیلەکان کە لەناو بزوتنەوەی کورددا هەیە، ئێمە گریمان ئێستا دەوڵەتی میللی کوردستان دامەزرا بەلای تۆوە دەبێت کام لەهجە ببێ بەزمانی رەسمیی کوردستان؟

-بەرەئی من ئەوە عاتیفەی ناوێت ئەوە شتێکی لۆژیکی دەوێت، لەهەر زەمانێکدا ئەو لەهجەییەی کە زۆرتر گەشەی کردووە ئەوە ئەو لەهجەیەیە دەبێت ببێت بەزمانی رەسمی، کە ئێستا ئەو لەهجەیە کە پێی دەڵێن زمانی سلێمانی، لەبەرئەوە هەر کوردێك لەو قەرارە دەرچێ خۆت دەزانی من بەعەشیرەت زەنگەنەمر، بەکەرکوکیش قسان دەکەمر، بەکۆییش قسان دەکەمر، ئێستاش لەهجەی سلێمانی نازانمر، ئێستاش لامرو مام نازانمر بەکاربهێنمر لەناوی دا یان لێیدا، بەڵام ئەوە زەمانی گەشەی رۆشنبیری کوردە، چۆن لەهجەی قورەیش پێشکەوتووترە لەلەهجەی زمانی سودان، ئەمر لەهجەیەی زمانی کوردی پێشکەوتووترەو قابیلیەتی نووسینو هەموو شتێکی زۆر باشترە، لەبەرئەوە کوردێك بیەوێ کوردایەتی

بکاتو ناوچەگەریی نەکات، ئەوە دەبێ زمانی رەسمی بێ، بەو مەعنایە نییە زمانەکانی تریش نەمێنن، لەهجەکانی تریش محەلین، رادیـۆیـان هەبێ، هەتا رۆژنامەیان هەبێ، بەڵام ئەم زمانە زمانی رەسمییە، زمانی نەتەوەی کوردە، چونکە گەشەی کردووە، ئەگەر بۆنموونە حکومەتی شێخ عوبەیدوڵڵا دروست ببوایە، یان حکومەتی شێخ سەعیدی بوایە، بەتەئکید زمانی رەسمی کرمانجی دەبوو، زیاتر گەشەی دەکرد، بەڵام ئێستاش نامەیەکم خوێندەوە هی ئەو برادەرانەی هین، زۆر وشەی عەرەبی تێدایە، بەو دەرەجەیە گەشەی نەکردووە کە قابیلیەتی تەعبیرو بەهێزی هەبێت، وەك ئەو لەهجەیەی ئێستا پێی دەڵێین سلێمانی، کە ئەوە هەڵەیە، لەبنەڕەتدا لەهجەی موکریانەو لەسەر دەستی سلێمانی گەشەی کردووەو بۆتە ئەمەی ئێستا، بەڵام ئەوە سۆرانیش نییە، زمانی سۆرانی زمانی هەولێریو رواندوزیو ئەو ناوچانەیە، بەڵام پێموایە پیتی لاتینی باشترە تا پیتی عەرەبی، بەڵام زمان ئەوەیەو ئەوانی تر بەڕاستی نەزعەی ناوچەگەرییە، چەند کەسێکی وەك عیسمەت شەریف وانلی و ئەوانە بەڕاستی دایانهێنا، بەڕاستی ئەوە دەمارگیریی نەتەوەییە، بڵێین کام شار پایتەخت بوو، کام شار زیاتر بەکەڵکی پایتەختی دێ لەڕووی پێشکەوتنی ئابووریو شارستانیو ئەمنیەتی وڵاتەوە، مومکینە شارێکمان هەبێ کە ئێستا لەخەیاڵماندا نییە لە ١٠ ساڵی داهاتوودا شارێك دروست بکرێت ئەوە بەکەڵکی پایتەخت بێت، ناتوانی بڵێی هەردەبێ سلێمانی بێت، یان کەرکوك بێت، یان هەولێر بێت.

هەروەها مەسەلەی کوردستان لەکوێوە رزگار دەبێ، نازانم (.....) بەرەئی من دیسانەوە فەرزکەین کوردستانی تورکیا رزگاربوو، کوردستانی تورکیا زمانەکەی خۆی دەکاتە زمانی رەسمیو بەشەکانی تری کوردستان کە هاتن چوونە سەر ئەو، دەبێتە زمانی رەسمی، ئەوەش کاریگەری هەیە. مادام تۆ ئێستا لەمن دەپرسی، پێش ئەوەی هەلومەرجی مێژوویی زمان فەرز بکا، پێموایە زمانی ئەو لەهجەیە لەئەدەبیاتی سلێمانیدا لەهجەی سلێمانی نەك هی هەولێرو بادینانو دهۆك لەعیراقدا، چونکە هەمووی یەك نییە لەزەمانێکدا لەمێژووی کورد ئەوەی پێیدەوترێت گۆرانو نازانم چی، ئەوە زمانی شیعرو ئەدەب بووە، زمانێك ئەمڕۆ ئەوەیە بەڵام ئەوە مومکینە بەواقیع بگۆڕدرێ، مومکینە سبەینێ کوردستانی تورکیا رزگاربێتو کوردستانی تورکیا

لەهجەی خۆی دادەنێ، قابیلە بێت ماموٚستا لەکوردستانی عیراقەوە بەرێت زمانیان فێر بکات؟ لەبەرئەوە ئەو کاتە ئەوە دەبێتە زمانی رەسمی، حکومەتی قازی محەمەد بمایایە لەهجەی مهابادو دەوروبەری دەبوو بەزمانی رەسمی.

*باشە ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دامەزرا بەقەناعەتی تۆ سنوورەکان دەبێ هەتا کوێ برۆن؟

-وەڵا من کوردستانی عیراق باشتر دەزانم، لەکوردستانی عیراق من پێموایە جەبەل حەمرین سنووری ئێمەیەو نابێ لەوە کەمتر قبوڵ بکەین، لەکوردستانەکانی تر بەڕاستی من پێموایە تەماعکار نەبین، چاومان لەزەوی ئەرمەن نەبێ، من یەکێکم لەو کوردانەی کە پێموایە هەندێك لەزەوی ئەرمەن کورد تێیدا دانیشتووە، واتە زەوی مێژوویی ئەرمەنە، خاسە، ئەردەهانە، ئەرزڕۆم، ئازەربایجانو لای ئاراراتو ئەوانەیە بەڕاستی زەوی سروشتیی ئەرمەنە لەڕووی مێژووییەوە، ئێستا ئەرمەن دەرکراوەو چوینەتە جێگاکەیان، بەرەئی من ئەوە نەبۆتە کوردستان، لەگەڵ قانونی ئەوێ لەفیکری مندایە، لەگەڵ میللەتە بچکۆلەکانو مەزلومترەکان لەخۆمان پێویستە بزانین ئێمە لێمان خواردوون، لەگەڵ میللەتە گەورەکان ئەوانن لەئێمەیان خواردووە، واتە عەرەب، تورك، فارس لەئێمەیان خواردووە، چەندیشیان لێوەرگرینەوە وەرگرتنەوەیە، واتە ئێستا موسڵ راستە عەرەبە، بەڵام موسڵ لەبنەڕەتدا کورد بووە، واتە عەرەب هاتووە لێی خواردوویین، لەئێران هەمەدان کوردبووە فارس هاتووە لێی خواردووین، فارس نەبووە تورکە ئێستاش، میللەتە گەورەکان لە ئێمەیان خواردووە لەبەرئەوە چەندیان لێ وەربگرینەوە، وەرگرتنەوەیە، چۆن رۆژی لەڕۆژان پۆڵەندا دەستی بوو ئۆدەری کردەوە بە سنوور، بەڵام دوای ئەوە لەراستیدا روسیا چەند سەد ساڵ بوو جێرمان لێی دانیشتبوون، خۆرهەڵاتی ئودەر چەندین ملیۆن ئەڵمان لێی نیشتەجێ بوون، بەڵام شایەتین کە ئەوە زەوی پۆڵەندایە، ئەوان هاتوون، لەبەرئەوە چەندی ئەڵمان بەرینەوە دواوە زوڵمی مێژوویی ناکەین بەڵکو تەعدیلی زوڵمی مێژوویی دەکەین، واتە لەگەڵ میللەتە گەورەکان عەرەب و تورکو فارس لەئێمەیان خواردووە، چەندیان لێ بکشێنینە دواوە، ئێمە مەزلومین، بەڵام لەگەڵ ئەرمەنو ئەوانە وانییە ئەرمەن ئەرزی هەیە لەکوردستان، ئێستا لەکوردستانی تورکیا برادەران کە نەخشە دەکەن،

دەڵێن بەشێکی زەوی ئەرمەنە نابێ ئێمە تەماحمان لەزەوی ئەرمەن هەبێ، نە تەماعکاریی ئەرمەن وەك وتم خاکی جزیرو بۆتان کە کوردستانە بڵێت ئەرمەنستانە، ئەوە بکەنە ئەرمەنستان، نە ئـەوەش کە هەرچی کوردستانی تورکیایەو کوردی لەسەر دەژی بڵێن خاکی کوردە، وانییە مەسەلەی سنوور مەسەلەیەکی ئـاڵـۆزە، واتـە نێوانی دەوڵەتانیش زوو چارەسەر ناکرێت، بنەماکەی ئەوەیە میللەتە گەورەکان لـەئـێـمـەیـان خــــواردووەو ئێمەش لەمیللەتە بچوکەکانمان خواردووە.

*ئێوە چۆنی دەبینن ئەو دەوڵەتەی کوردستان کە مەبەستە چۆن دەتوانرێ جێ بەجێ ببێت، واتـە دامـەزرێـت ئایا بەهۆی خەباتی زاتـی خۆیەوە لەئەنجامی تەدەخولی زلهێزەکان یان ناکۆکییەکانی نێوان ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، یان مومکینە شتێك تێکەڵە بێ لەو سێ فاکتەرە؟

- بەرەئی من هەموویەتی، یەك شت نییە، یەکەم خەباتی میللەتی کورد خۆیەتی، خەباتەکەشی دەبێ ئامانجە ستراتیژییەکەی ئـەوەبـێ رزگـاریو یەکخستنەوەو دەوڵەتی کوردی، بەڵام پێشتر دەتوانێ شتی تر قبوڵ بکاتو جا چی زەرورییە قبوڵی بکات، ئێستا کوردستانی تورکیا بەنموونە بێنینەوە، ئێستا ئەگەر ئەوان لەتورکیا حکومەتێکی دیموکرات بێتە تورکیاو حوکمی زاتی بدا بەکوردی تورکیا، بەرەئی من کورد دەبێ بەمەمنونی قبوڵی بکات، واتە حوکمی زاتی کوردی بەو مانایە نا حەقی کورد چارەسەر نەکات، بەو مەعنایەی حوکمی زاتی حەقی کورد دابین دەکاتو مەسەلەی کورد چارە دەکا، واتە بەو مەعنایەی کە لینین دەڵێ حوکمی زاتی بۆ ئەوەبێ کە نەتەوەکە هێزەکانی خـۆی لەچوارچێوەی قـەوارەیـەکـدا کۆ بکاتەوەو دوایـی ئـامـادەی بکات بۆئەوەی وەك ئەنجومەنی نەرویج کە بەسویدی وت ئەوا ئێمە بڕیارماندا مەلیکی سـویـد بەمەلیکی خۆمان نەزانین، دەبێ ئەویش ئەوها بکا، بڵێ ئێمە پەرلەمانی فڵان ئەوە کۆبووینەوە، بڕیارماندا فڵانە کـەس بەمەلیكو گەورەی خۆمان نەزانین، بەو مەعنایە حوکمی زاتی باشە، حوکمی زاتی نەك وەکو چارەسەری کۆتایی، واتە وەك ئیجرایەکی دیموکراتیو هەنگاوێك بۆ پێشەوە بۆ یەکخستنو سازدانی نەتەوەیی کـورد. بەرەئی من دەبێت هەمیشە ئێمە ئەوپەڕی تموحاتمان لەبیربێ، ئەوپەڕی واقیعبینیمان لەبیر بێ.

بـۆنمـوونـە ئێستا مـن لـەعـیـراق بەدەستم بێت، حکومەتی سـەدام

حسێن بەس رازی بێتو شەڕی ئیبادە رابگرێ، بەس رازی بێ کورد بچێتەوە جێی خۆی، ئەوە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ مێژوو، دوای ئەوە شتی تر دێ، واتە لەپاشان ئەوەی بەلای منەوە لەحوکمی زاتییەکە موهیمە، هێزی چەکدارە، نەك ئەوەیە ئەو چ شتێك دەکات، یان نایکا، ئەوە جۆرێکی ترە، ئەگەر هێزی چەکدار هەبێ، یان میللەتێکی چەکدارو هۆشیار هەبێ، زۆر گرنگترە لەوە، واتە من بەش بەحاڵی خۆم هەر خەباتی میللەتی کورد، خەباتی سیاسیو رۆشنبیریو شارستانیو چەکدار هەمووی لەلایەکەوە، ئینجا دۆخی نێودەوڵەتی، بەبێ دۆخی نێودەوڵەتی بەرەئی من نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەئێمە ناگۆڕدرێت، ئێستا بەتایبەتی، یان بەبێ ناکۆکیی دەوڵەتەکان بەئێمە ناگۆڕدرێو من قەناعەتێکیشم هەیە ناکۆکی نێوان ئەو دەوڵەتانە چارەسەر نابێ، راستە لەسەر ئێمە هەندێکجار پێکدێن، بەڵام ناکۆکیی نێوان فارسو عەرەب مێژووییە، خومەینیش بڕوا، ئەو حەل نابێ، کوڕی شا-ش بێت ناکۆکی لەگەڵ عیراق حەل نابێت، راستە دابیندەبێ، هێور دەبێتەوە، ناکۆکیی نێوان ئێرانو عیراق مومکینە سەدام بۆ حوکمی خۆی چاوی لێ بپۆشێت، بەڵام دوای ١٥ ساڵی تر سەرهەڵدەداتەوە. یان بۆ نموونە نێوانی تورکو عەرەب زۆر بەرەو تێکچوون دەچێ لەسەر بەتایبەتی ئاوی فورات، ئەو پرۆژەیەی کە دەیکەن پێی دەڵێن (گاپ) بەڕەئی من ئەوە تەقینەوەیەك دەبێ لەنێوان پەیوەندییەکانی تورکو عەرەب بەتایبەتی سوریاو عیراق ناتوانن هەتاسەر ئەمە قبوڵ بکەن، ئەو دەوڵەتانە واتە وای لێدێت ئاوت دەدەمێ یان لەبرسا دەتکوژم، لەبەرئەوە جیاوازی نێوان نەتەوە گەورەکان تورکو فارسو عەرەب جیاوازی زۆر قووڵە، ئێمەش جیاوازی زۆرمان هەیە لەگەڵیاندا، بەڵام لەکاتێکدا دێت ئێمە دەتوانین قازانج لەو جیاوازییانەی نێوان ئەوان بکەینو من دەمەوێ شتێك بڵێم بەشتێك قەناعەتم نییە، مەسەلەیەکی زۆر خراپە ئەوجارەش لەئەمریکا لەزۆر جێ وتم: بێگومان نابێ مرۆڤ زۆر بڵێ لەبەر پەیوەندی دۆستایەتی ئێمەو پارتی ئەو لێدوانەی کە شۆڕشی دوایی پێهێنا پاش رێکەوتننامەی جەزائیر ئینتباعێکی زۆر خراپو هەڵەی لەدونیادا دروستکرد لەسەر کورد، وای نیشاندا کە مەسەلەی کورد ئامرازە بەدەست ئێرانو عیراقەوە ، ئەو رۆژەی ئەوان تێکدەچن کورد هەڵدەستێ، ئەو

رۆژەی ئەوان پێکدێنەوە، کورد تەواو دەبێ، من پێموایە ئەوە خەتای قیادە بوو، هەتا شا کە گۆڕبەگۆڕ بوو، من شا بەمەسئول نازانم لەتێکچوونی شۆڕشی ١٩٧٥، من پێموایە شا بەپێچەوانەوە ئەگەر مێژوو تەماشا بکەین، زۆر لەوە زیاتری کرد کە دەبوایە بیکا، شا ١٥٠ هەزار پارچە چەکی دا بەکورد، شا نەدەبوایە ئەوەندە چەکی بدایە



بەکورد، ئەو هەموو پارەو ئیمکاناتەی دا بەکورد، کورد خۆی دەبوایە قازانجی لێبکردایە،یا دەشیتوانی شۆڕش بکاتو ئەوەش بکا ئەو مەسەلە خراپەش نەدەهات، ئێستا بۆنموونە چاوت لێبێت ئێرانو عیراق پێکهاتن، بەرەئی من بەمەعنای ئەوە نییە خەباتی خۆمان دوایی پێبێنین، تۆ خۆت لەوێ بووی، ئێرانو عیراق تەبابوون، شەڕیشمان دەکرد وا نییە؟ بەڵام چی شەڕمان کرد، لەناوزەنگ بووین، نەچووبووینە یاخسەمەر، مەفاریزی بچووکمان لەملاو لەولابوو، نەك ناوچەی ئازادکراوی پانو بەرین، وای لێدێتەوەو شۆڕش دێتەوە ناو کوردستان. دوێنێ شەویش قسەم لەگەڵ کاك دکتۆر مەحمود کرد، وتی هەموو مەفرەزەکانی یەکێتی لەهەموو ناوچەکان گەڕاونەتەوە بەشێوەی بچووك، وتی هەتا ئێمەش حەمەی حاجی مەحمودمان ناردووە بۆلای برادەران، ئێستا مولازم عومەر، کۆسرەتو قادرو فڵان، ئەوە لەمەنتیقەی وەرتێو لەو دۆڵانە مەوجودنو هەن، دەتوانین بەو شێوەیە بیکەین بەشەڕی ناوشار بیکەینو پێموایە کاك عومەر بۆ مێژوو پەیوەندی نێوان عیراقو ئێران هەتا لەزەمانی شاشدا ئەو جووتبوونەی نەکردبوو، هیچ درزێکی تێدا بمێنێ، کە کورد لەناویا بڕواتو ئێستاش پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو عیراق قەت وای لێنایەتەوەو ئاوا جووت نابێت، هیچ بۆشاییەك بۆ کورد نەمێنێتەوە، ئەی ئێمە نەچووین بەئێراندا بۆ ناو عیراق؟ ئەی چەکەکانمان لەوێوە نەبرد؟ واتە ئەو جووتبوونە تەواوەتییەی نێوان عیراقو ئێران قەت نابێ کە ئێمە نەفەسمان نەمێنێ، ئەوە بەندە بەئیرادەو پێداگیریی سەرکردایەتییەکە

خۆیەوە، ئەگەر ئەو سەرکردایەتییە بیەوێ شەڕبکا، دەتوانێ بیکات، نەیەوێ بیکات، نایکات. یەك خاڵی تر کە هەیە زۆر گرنگە، کە خۆرئاوا چاکی لێ تێناگەن، من ئەو جارە لەئەمریکا زۆر هەوڵم دا کە قسەیان بۆ بکەم عەسکەریەکانو پیاوە ئێکسپرێسەکان تێدەگەن، بەڵام خەڵکی سادە تێناگەن ئەویش ئەوەیە: شەڕی ئێمە شەڕی پێشمەرگانەی ئێمە لەگەڵ عیراق ئەو شەڕە نییە، واتە لەو جۆرە شەڕانە نییە کە ئەنجامەکەی شکاندنو پشت بەعەرزدانی دوژمنە لەمەیدانی سەربازیی، چونکە دوو جەنگ وابوو چین وابوو ماوتسیتۆنگ لەئەنجامدا پشتی سەرۆکی چینی شکاندو شارەکەی لێگرتەوەو چینی لەدەست دەرهێنا. شەڕی ئێمە لەجۆری ئەو شەڕەیە کە دوژمن وەڕەسو ناچار بکا بیسەلمێنێ، وەك جەزائیر بەفەڕەنسای کرد، وەك ڤێتنام بەئەمریکای کرد، هەرچەندە هی ئێمە لەو مەسەلەیەدا لەعیراق زیاترەو زۆرترو زەحمەتترە، نەك بڵێم باشترە، بەڵکو وەزعمان خراپترە، چونکە نەوتێکی زۆر لەکوردستان هەیە، نەوتەکەی خۆمان بەکاربهێنینەوە دژی خۆمان، واتە بۆنموونە سامانی نەوت نەبووایە عیراق تەحەمولی ئەو هەموو زیانەی نەدەکرد لەکوردستان، بەڵام دیسان کە سەقامگیریمان لێ تێکدا لەکوردستان، ئەوە زۆر گرنگە کە ئەو فاکتەرە حساب بکەین، بۆنموونە ئێستا عیراق ئەوە ٢٧ ساڵە لەشەڕدایە لەگەڵ کورد لە ١٩٦١ەوە تائێستا، ٨ ساڵیشە لەگەڵ ئێران، قابیلە سەدام حسێن بتوانێ تا رۆژی قیامەت ٢٦ موالیدی عەسکەری لەژێر چەکدا رابگرێ، راستە سبەینێ تەفەروغ دەکا بۆ ئێمە، بەڵام سەدام حسێن خۆی دەبێ ئەو ٢٦ موالیدە کە شەڕی نەما لەگەڵ ئێران تا دەتوانێ هەرچی موعەلیمو دکتۆرو مەئموورو خەڵکی بردووە لەشارو لەلادێ هەر بڵێ وەڵا من هەر شەڕم ماوە؟ مەجبورە سوپا بەتەواوەتی سووك بکات، ئەو سوککردنو بچووککردنەوەیە بەشی ئەوە دەکات کە تۆ تێدا سەرقاڵی بکەی، لەبەرئەوە بە رەئی من وانییە، واتە تاریکی بکاو سواخی بداو هیچ کونو کەلەبەرێك نەهێڵێتەوە، لەبەرئەوە شەڕەکەشمان لەو جۆرەیە. بە رەئی من ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین.

خاڵێکی تر ئەوەیە هی دەوڵەتان، ئێمە تا ئێستا لەدەوڵەتان دۆستمان نەبووە، من ئەوە پاش دراسەتی کتێبەکەی سۆڤێتم خوێندەوە پێموایە سۆڤێتیش دۆستی کورد نەبوو، لەژێر کاریگەری ئەفکارو لەژێر کاریگەری

ئــەوە زۆر زیـاتـر مـەدحـی روسـمان کــردووە لەهەقی خــۆی، واتــە روس هەرگیز دۆستی کـورد نەبووە، ئەوە کتێب بخوێنەرەوە لەزەمانی لینینەوە مەسەلەی مستەفا کەمال ئەو تەبەنی کـــردووە، مەسەلەی بەڵگەنامەش قسە دەکات، فلان وتار وای نووسیو قەرەخان وەکیل وەزیر ئەوەی نووسی، ئەویش قسەی تێدا ناهێڵێتەوە، تەئیدی سیڤەریان نەکردووە، تەئیدی لۆزانیان کردووە، وتویانە یەکێتیی خاکی تورکیا دەبێ بپارێزرێت، پێشبینی خۆشیان ئەوەبووە، ئەوان پرۆلیتاریانو ئەوان پیشەسازییان هەیەو زووتـر ئـەوان دەگەنە دەوڵـەت لەئێمە. (واتا تورك زووتر لە کورد دەکەنە دەوڵەت).

لــە١٩٤٦ ئــەوە قــازی محەمەدیان فرۆشت بەیەك مەرحەبای قــەوام سەڵتەنە. پاشان کوردی خۆیان بەتەما بوون جمهورییەکی بۆ دانێن، قەرارێك هەیە لەناو ئەو کتێبەدا، بەڵام ئەوەیان تێکدا بەکاریگەری تورکە شۆڤێنییەکان ئـەو جمهوریەتە زاتیەشیان تێکدا، حوکمێکی زاتیان هەبووە لەڕوسیا من تازە زانیومە بەش بەحاڵی خۆم نەمزانیوە وەختی خــۆی بەمنداڵی شتێکمان دەبیست، بەڵام دیارە ئەوە بووە دەڵێ لە١٩٣٠ هەمووی لابردونو تەفروتونای کردوونو نەیهێشتووە وەك یەکێتییەکی ئەوەی مابۆوەو وتی دەبێ بڵێن ئیلا ئێمە تورکین، ئەوە نەما، ئەو پارچە کوردەش بکەنە جمهوریەتێك، لەپاشانیش ئەوە مەلا مستەفاو ئێمە، پشتیوانییەکی مەلا مستەفای وایان کرد دژی ئێمە بەناهەق کە واپێویست بوو پشتیوانی باڵە مەدەنیو باڵە سیاسییەکە بوویت، دەبوایە تەئییدی ئێمە بکەن لەبزووتنەوەی کورددا، نەتیجەکەیشی ئـەوەبـوو مـەلا مستەفایان هێنا کە سـەدام مـەرحـەبـای دەکــردن، مەلا مستەفاشیان فرۆشتەوە بۆ سەدام، راستە مەلا مستەفا غەڵەتی کردو خۆی خستە لای شاو ئەمریکاوەو ئەوانیش دەستیان لـەکـورد بــەردا، ئێستاش هەرچی دەکەین مەرحەبایەکمان لێ ناکەن، واتە دۆستی چییە ئەوە ئێبادە دەبینو کەی لەسەرمان هەڵدەدەنێ کە ئێمە چووینە قەبرەوە؟

ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە خۆرئاواش زوڵمان لێدەکات، بەڕاستی واتە بەویژدانەوە قسە بکەین، تائێستا دەمانگوت عـەرەب باشترە لەتورکو لەوانە لەمێژوودا، بەڵام بەڕاستی ئەو چەند ساڵانەی دوایی عەرەب تۆڵەی خراپەی هەمووی کــردەوە، ئـەوەی عەرەب بەکوردی کردووە مستەفا کەمال ئەوەندەی بەکورد نەکردووە، ئەی ئەوە نییە تورکیا هێشتا کوردی لێماوە؟ دیارە

ئەو تەرحیلە وانەبووە، بەڵام ئێستا عیراق کوردستانی لێ نەماوە، ئەو شەوە دکتۆر مەحمود دەیوت دوکان بن دەستی خۆیانە، دوکانیان تەخت کردووە کە مەحەتەی کەهرۆمائی لێیە کە بیانیی لێیە، جا ئەو دوکان تەخت بکات، واتە بە تەمای ئەوە نییە بیەوێت کورد بهێڵێت، بەڕاستی بەتایبەتی ئەوەی عـەرەب بەئێمەی کـردووە لەسوریا ئیستیعماری فەرەنسی باشتر نەبوو؟ لەزەمانی ئیستیعماری فەرەنسی نادی سەڵاحەدین هەبوو، گۆڤاری کوردی دەردەچـــوو، بەرنامەیەکی کـوردی هەبوو لەبەیروت، بەدرخانەکان ئیشیان دەکرد، لەپاشان حوکمی وەتەنی کەس نەیدەوێرا بڵێ من کوردم، واتە دەوڵەتە گەورەکان فێڵیان لێکردوین، میللەتە گەورەکانیش خراپ بـوون، عەرەبە، تورکە ئەوە حەقیقەتە. ئینجا لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەو مەعنایە نییە هیچ ئومێدمان نەمێنێ، ئێستا بەڕەئی من ئەوە سوشیال دیموکراتەکان هەن، ئـەوە دەرگایەکی باشە، ئـەوە مافی مرۆڤە شتێکی باشە، تۆ بۆنموونە هەتا لەسەر مەسەلەی خۆرئاواو شتی وا ئەمریکاو بە رەئی من وەکو کاکم وتەنی تێر نەکەینەوە بەئومێدبینو وابزانین لوتفێکیان کردین تەواو، باشە خۆ ئێمە چی بکەین دەنگمان بەقەد دەنگی ئەرمەن نیە، خۆت دەزانیت ٧٠٠-٨٠٠ هەزار ئەرمەن هەیە لەئەمریکا، ئەوە حاکمی ولایەتی کالیفۆرنیا ئەرمەنە، پەیمانگەو رووناکبیرو بەدرێژایی کاتیش لەباڵیۆزخانەو وەزارەتـی دەرەوەش خەڵکیان گەیشتۆتە پلەی باڵیۆز، باڵیۆزی ئێستای ئەمریکا لەدیمەشق ئەرمەنە، لەوەزارەتی دەرەوە ئەرمەن هەیە، لەپەرلەمان هەیە، سیناتۆر هەیە، باشە قـەول بـوو کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیارێك لەسەر ئیبادەی ئەرمەن دەربکات، ئەویش دەرنەچوو، باشە بائێمە زۆر بەتەما نەبین وامان بۆ دەکـەن. خەباتی خۆمان هەبێو عاقڵانەش لەدەرەوە ئیش بکەین، رەنگە بتوانین عەتفێك وەربگرین، تەئیدێك وەربگرین، بـەڵام بەو مەعنایە نییە عەتفەکە دەبێتە هۆی سەرخستنمان. بـەرەئـی من دیسان هەلومەرجێکی دەولـی پێویستە ئـەم هەلومەرجە دەولییەکە من نالەبار نابینم، جیاوازی نـێـوان عـــەرەبو تـــورك، عـەرەبو فارس، فارسو تورك، بەینی شیعەو سوننە، ئەم کۆمەڵگەیە هەموو ئەو نەوعە جیاوازییانەی تێدایە، یەك عەیبی گەورەمان هەیە ئەوەیە هەرگیز باسمان نەکردووە بەرەئی خۆم ئەوە لـەو ساڵانەی ئەزموونی کوردستان لێی تێنەگەیشتووم ئەویش ئەوەیە

سروشتی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا دواکەوتووە، واتە هێشتا کۆمەڵگەی دەوڵەت نییە، بۆنموونە لەمیللەتێکدا ١٠٠ هەزار ١٥٠ هەزار جاش نەدەبوایە هەبوایە، لەکوردستانی عیراق بۆنموونە جاران عەشایەری کورد هەبوو دەبوو بەجاش، دەیگوت وەڵا من بومەتە جاش هەتا دێهاتی خۆم بپارێزم، حکومەت نەیەت کاولی بکات، ئێستا بەجاشەکە خانووەکەی خۆی کاول دەکاو نەیتوانیوە دێکەی خۆی بپارێزێ، ماڵەکەی خۆشی پێ دەسوتێنێ، ئەمە دیاردەیەکە کە دەبێت دەرسی لێوەربگرین، بەرەئی من ئەوە سەلبیاتێکی میللەتی کوردە ئەو دیاردەی جاشایەتییە، بەمێژوو جاش هەرهەبووە، لەسوارەی حەمیدییەوە جاش هەبووە لەبەرئەوە سروشتی کۆمەڵگەشمان نەگەیشتۆتە قۆناغی ئەوە. بۆ نموونە کوردی تورکیا وەرگرە ١٧ حزبی بۆ چییە، کوردستانی تورکیا ٨ حزب ئیمزای بەیاننامەیەکیان کردووە، یەکێکی لێدەرچێ، هەمووی دەڵێ مارکسیسزم لینینزم، سۆڤیێت، بۆ نابنە یەك حزب لەگەڵ رێزم بۆیان، بۆ نابنە یەك حزب وەرن هەمووتان بین بەیەك حزب، با نەبێتە یەك حزب با ببێتە دوو حزب، نەك ١١ حزب، ئەوانیش هەر حزبەی ئینشیقاق دەکا بۆ ئەوی ترو پارتی سۆسیالیست نە یەکێتی تەڤگەری سۆسیالیست، نە کوپی سۆسیالیست نە کوپی مەرکەز ئینجا دەدەقەدە، ئینجا دەبێتەپەکەکە، ئینجا دەبێتە پەکەکەو نازانم چی، واتە ئەوە چیە ئەوە ئەنجامی کۆمەڵگەی کوردییە، دەبا لەئەمریکا چوارەم حزب دروستبێت، هەرچی دەکەیو دەکرا نەکرا حزبی شیوعی هیچ نییە، سوشیال دیموکراتێك لەئەمریکا دروست نابێ، باشە با حزبێکی وەك پارتی دروست بێ لەئەمریکا، ئەوەش نییە، دیارە ئەوە سروشتی کۆمەڵگەیە کە هەوڵ نادات.

لەکۆمەڵگەی ئێمەش سروشتی کۆمەڵگەکەمان ئەو هەموو پچرپچڕەی دروست کردووە، بۆ نموونە کوردی سوریا خۆتان چینە گوشتاوتان چییە، ١١ حزبی تێدایە، ئێستا تازە من لەوێ بووم جەماعەتێك هاتوون وەك حزبێك بۆ خۆیان، وەڵا ئەز دخوازم حزبەکێ بۆخۆ چێکەم، وتم چێکەن یان چێنەکەن بڕۆ چێکەن، ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی کوردی.

*بەرەئی تۆ ئەو سروشتە چییە؟

- بەڕەئی من دوو سێ شتە، یەکەم گەلاڵەبوونی چینایەتی نەبووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵگەی

کـوردی چینەکانی گەڵاڵە نەبووە، دووەم سەقامگیریی کۆمەڵایەتی نەبووە نەوەکو جاران دەرەبەگایەتی عاملیەکانی دەرەبەگایەتیو عەشایەری زاڵـبێـتو نـە بـۆتـە کۆمەڵگەیەکی سـەردەمـیـانـە، واتـە کۆمەڵگەیەکی ئینتیقالییە لەنێوان ئـەو دوانـەداو نەبۆتە هاوچەرخیش تا چینەکان سەقامگیربووبێتو ریزی سیاسی رێك بووبێت هەرکەسی بزانی شوێنی خۆی لەکوێدایە، لەکۆمەڵگەی ئینتقالیدا شتەکانیش ئاوها ئینتیقالی دەبێت، ئەوە چونکە رەنگدانەوەو سەرخانو ژێرخانەکەیە، ئـەوە هۆکارێکی تر، بێگومان بـەڕەئـی مـن ئـەو هۆکارە بنەڕەتییە. هـۆکـاری تریش هەیەو کـاریـگـەری فیکریو رەوتـی فیکری بۆنموونە، رەوتـی فکری زۆر جار ببێتە واقیعی کۆمەڵایەتی کوردیی، دەنـا خیلافی کـوردی تورکیا هەقی چییە بەسەر خیلافاتی ....و چینو ژنی ماوتسی تۆنگ لەسەر ئـەوە حزب دروسـت بـوو، بەشێکی تەئیدی .... دەکاو بەشێکی تەئیدی پەکین دەکا، بەشێکی تەئیدی مادام ماوتسیتۆنگ دەکـا، قسمێکیان شتێکی تر ئـەوە چ پەیوەندییەکی بەکۆمەڵگەی کوردییەوە هـەیـە، جـگـە لــەوەی پـەیـوەنـدی بەئەفکارێکی منداڵانەی نەزانو شتی واوە هەیە، لەسەر ئەوە خەڵك دابەش دەبێت لەحزبەکاندا.

هـۆکـارێـکـی تـر لــەو تەقسیمە دوژمنەکانمانە، من پێم وایە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەستیان زۆرە لەو پارچە پارچەکردنەداو وەختی خۆی ئێمەو شا نازانم مامۆستا ئیبراهیم لەبیری بێت یان نا، لەعیسا پەژمانەوە بیستمانەوە کـە شـا بـاسـی ئـەوەی کردبوو ئێمەو مەلا مستەفا بەمەنتیق دەبوایە پشتیوانی ئێمە بن، چونکە ئێمە دەمانویست شەڕ بەردەوام بێت لەعیراق لەگەڵ عەبدولسەلام عارفو ئێمە دەمانگوت تەسلیم بوون خراپەو ئەو ئیتیفاقیەی بارزانی، سوڵح نییە ئیستیسلامەو ئەوەمان نووسیبوو، دەمانگوت دەبێت شـەڕ بـەردەوام بکاتو ئەوە بکاتە مەنتیق هەر کەسی لە دورەوە ببینێ ئێران دەبوایە لایەنگری ئەوە بێت تەئیدی ئەو جەهەتە بکات کە دەیەوێت شەڕ بکات دژی حکومەتی بەغدا نـەك ئـەوەی سوڵحی لەگەڵ بکات، بـەڵام ئەو وتبووی بابە مەلا مستەفا نەفەرێکە من تەفاهومی لەگەڵ دەکـەم...، ئەوانە حزبن؟ من لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، سبەینێ ئیبراهیم ئەحمەد لادەبەنو دەڵێت ئەوە غەڵەتی کـردووە، حزبەکە شتێکی تر دەکات، دوژمنەکانمان نایانەوێت هێزی کوردی



مونەزمی موسەقەفی مورەتەب لەکۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ بێت.

سەدام حسێن بۆ حوکمی زاتی نەدا بەئێمە دای بەمەلا مستەفا، باشە خۆ ئێمە دۆستیان بووین لەزەمانی لێقەوماندا دۆست بووین، مەلا مستەفایان خۆش نەدەویست، ئێمەیان خۆشدەویست وەك رەفیق وەکو کاك نەوشیروان وتی: هەردووکمان ئەفەندینو بۆینباغ دەبەستینو وابووینو لەو سروشتە بووین، ئەحمەد حەسەن بەکر پێی وابوو مامۆستا ئیبراهیم پیاوێکی نورانییەو دەیوت دەمو چاوی ئەو دەبینم سەراحەتو راستگۆیی‌و ئەو شتانەی تێدا دەبینم، باشە سەدام حسێن من ئەمناسی، هەموو جارێك بەئوتومبێل دەڕۆشتین کاك عومەر لێی دەخورِی، مامۆستا ئیبراهیم لەبیری دێت هۆڕنی لێدا دابەزین، ئەبو عودەیە دابەزی وتی وەڵا من حەزدەکەم مامۆستا ئیبراهیمو کاك عومەر بناسم، دابەزینو ئەوە کاك عومەرو مامۆستا ئیبراهیمو کاك سەدام، بۆچی نەیاندا بەئێمە؟ چونکە ئێمە جەماعتێکی مونەزەمی حزبی بووینو هاوچەرخ بووین، وتیان لەژێر دەستی ئەوان دەرنایەتەوە،

بۆیە دوژمنانیشمان کاریگەرییان هەیە لەدانانی ئەوە، ئینجا جگە لەوە کاکە هەواو زەوقی سەخیفی رووناکبیرانیش، چونکە رووناکبیرانیش زۆرجار دادەنیشن مشتومڕ دەکەن لەجیاتی ئەوەی شتی عەمەلی چارەسەر بکەن، لەسەر فڵان جوملە حزبێك ئینشیقاق دەکات، جاری واهەیە لەسەر یەك جوملە بەڕاستی.

پاشان بەرەئی من کاریگەریی خراپی....، کۆن لەبیرم دێ لەکوردستانی سوریاوە حزبەکانیان دابەشکردو وایان

لێکردو دوایی حەمدی حامیدیان داناو لەتورکیاش هەروا دەستیان هەبوو لەئێرانیش، ئەوانەش واتە کۆمەڵێك فاکتەر هەیە بنەماکەی دەگەڕێتەوە سەر سروشتی کۆمەڵگە.

*دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەهەلومەرجی ئێستادا بەشتێکی واقیعی دەزانی؟ ئەگەرنا ئێستا چی بەشتێکی واقیعی دەزانی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد؟

-دەزانی بە رەئی من مەسەلەی کورد وەك مەسەلەیەکی نەتەوەیەکی داگیرو دابەشکراو بێ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی چارەسەر نابێت، واتە وەك مەسەلە چارەسەر ناکرێ، لەبەرئەوە ئەگەر وتت چارەسەری مەسەلەی کورد ئیلا دەبێ بڵێی بەسەربەخۆیی و بەمافی چارەی خۆنووسین، غەیری ئەوە هیچی تر نییە بۆ مەسەلەی کورد، بەڵام بڵێ بۆ دابینکردنی کاتی دۆخی کوردستان، بزووتنەوەکانی کوردو دابینکردنی هەندێ ئامانجو راگرتن لەزەمەنی مومکینو ئەوەدا، من هیچ لەواقیعدا خەڵك باسی دیموکراسی دەکاو دیموکراسی شتێکی باشە، بناغەیەکی چاك دروست دەکات، کەشێکی خۆش دروست دەکات، گەلێك بابەت لەخۆ دەگرێت، تەفرەقەو تەمیزو ئەوانە ناهێڵێ، بەڵام من لەخۆرهەڵاتدا دیموکراسیم پێ زەحمەترە لەسەربەخۆیی، بۆنموونە بەرەئی من دیموکراتی بۆ عیراقو حوکمی زاتی بۆ کوردستان زۆر زەحمەترە لەئیستقلالی کوردستانی عیراق، چونکە من لەشتێکیشدا نووسیومە لەو بەحسەدا بەدرێژیی نووسیومە، یەکەم هۆکار ئەوەیە کە دیموکراسی وەرگرتنەوەی هەموو سوڵتەیە لەبەغدا، بەس یەکێکی وەکو سەدام بەشێکی عیراق لەکیس بچێ لەوە باشترە لەوەی هەموو عیراقی لەکیس بچێت، واتە هەموو حوکمەکەی بەعیراقی وەڵا هەموو کوردستانی عیراق کە بۆ ئەو زۆرترەو باشترە یاخود سەبەبی تریشی هەیە، بێگومان ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی دەسەڵاتدارو کۆمەڵگەی ژێر دەست، کۆمەڵگەی دەسەڵاتدار خۆی دەهێڵێتەوە، بەڵام شەڕ لەسەر خۆی دەکا، نەك لەسەر حوکمەکانی کە پاشکۆن، بەراستی دیموکراتی شتێکە نەك عیراق تەحەمولی ناکات، هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەحەمولی ناکات، ئێستا بۆنموونە دەڵێین زۆرجار قسەی وامان لەگەڵ دەکەن کە حوکمی زاتی درا بەکوردستانی عیراق، ئەوە تورکیاو ئەوە فلان وەڵا دیموکراتییەکە خەتەرترە لەسەر تورکیاو سعودیەو ئوردونو سوریاو لەسەر ئێرانو کوێت

هەتا حوکمی زاتی، حوکمی زاتی هەر کاریگەری دەکاتە سەر نەتەوەی کورد، رەنگە کاریگەریەکەشی هیچ نەکا، چونکە ئەوە ئازەربایجان هەیە ئەرمینیا هەیە ٧٠ ساڵە دەوڵەتنو فیدراڵیشن نە کاریگەرییان کردۆتە سەر ئەرمینیای تورکیاو ئازەربایجانی سۆڤێت بەڵام وەڵا دیموکراتی ئەو میللەتانە هەر ئاگر دەدا لە بۆ حقوقو ئازادیی خۆیان، بۆیە من پێموایە هەموو ئەو هۆکارانە کۆبکەیتەوە دەتگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە زەحمەتتر ئەوەیە، ئەما هەتا دەگەینە چارەسەری مەسەلەی کورد، وەك تەسکینو دابینکردنو ئەوانە بەرەئی من ئەوەندەی مومکینە حوکمی زاتی بێت، فیدراڵ بێت شتی زۆر باشەو هەنگاو بەهەنگاو، بەمەرجێك یەك شتمان لەبیر نەچێ ئامانجی سەرەکیو ستراتیژی واتە تاکتیکەکان ئەوەن وەکو تاکتیك بێو هەنگاو بێ بەرەو ئامانجە ستراتیژییەکە کە چارەسەری مەسەلەی کوردە، مەسەلەی کوردیش بێگومان بە مافی چارەی خۆنووسین دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە یەك شت بڵێم ئەوەش ئەوەیە کە دەبێت هاوسەنگیی هێز حساب بکەین، ئێستا بۆنموونە عیراق رووخا با لەو شەڕەدا کە ئێران لە ١٩٨٦ هێرشی کردە سەر بەسرەو بەسرەی بگرتباو سوپای عیراق هەرەسی بهێنایە ئەو بێ مەعنەویاتەی ئێستا عیراق هەیەتی ئێران هەیبوایەو سوپای عیراق هەڵهاتایە لەبەریا، ئێمە کوردستانمان بگرتبا بۆ بەحوکمی زاتی رازی دەبووین؟ وەڵا رازی نەدەبووین، بەڵام فەرزکەین لەحاڵەتی سەرکەوتنی عیراقدا، وەڵا هەر دەبێ بەوە رازی بین کە کورد بێتەوە جێگەی خۆیو ئیبادە نەکرێ، بۆ نموونە هەلومەرج دەیگۆڕێ ،بەبێ لەبیرکردنی دیموکراسی.

*پرۆسەی بڕیاردان لەناو بزووتنەوەی ئێوەدا یەکێتیی نیشتمانیی چ رەنگێك بەخۆیەوە دەبینێ، چ شکڵێك، ئایا فرەییە بەکۆمەڵە، تێکەڵییە، چۆن بڕیار دەدەن لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بڕیارێکی سیاسی وەربگرنو جێبەجێی بکەن؟

-خۆت لەمن باشتر دەزانی لەوێ بویتو م.س بوویتو بەرەئی من ئەوەیە بەڕاستی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەفەردییە، نە بەکۆمەڵە، واتە ئەو تەیاراتانە لەناو خۆیاندا قسان دەکەن، کۆنفرانس دەبەستن، کۆبوونەوە دەکەن، دوایی هەرکەس دەیهێنێتە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتی بێت یان مەکتەبی سیاسی بێت، لەوێ موناقەشەو هەزار شتی لێدەکرێتو پاشان بڕیار دەدرێت بەزۆرینە.

*چ دەزگـایـەکـتـان هـەیـە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە؟

-جۆرەها دەزگامان هەیە، مەکتەبی عەسکەری هەیە بۆ شتی عەسکەری، مەکتەبی سیاسی بۆ کاروباری سیاسی، مەکتەبی دارایــی هـەیـە، مەکتەبی راگەیاندن هەیە، مەکتەبی ئیداری هەبوو جـاران بۆ ئیشوکار، ئێستا مەڵبەندەکان وەك قیادەیەکی محەلییە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان.

*ئـۆرگـانـی بـنـەڕەتـی تەنفیزیو تەشریعی چین لەناو بزووتنەوەی ئێوە؟

-ئـۆرگـانـی بـنـەڕەتـیـی تەشریعی کۆنفرانسەکانە، کـە دەکـرێـت هـی تەنفیزیش کۆمیتەی سەرکردایەتیو باڵەکان بن.

*باشە ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دامـەزرا لەسیاسەتی دەولـی خۆیەوە ئێوە حەز دەکەن چ سیاسەتێکی هەبێ، موحاید بێ یان سەر بەبلۆکی رۆژهەڵات بێ یان رۆژئاوا بێ؟

-وەڵاهــی نـازانـم، من یەکێك لەو ناوانە هەڵدەبژێرم، بەڵام من دەڵێم سەر بەهیچ بلۆکێك نەبێ، سەربەخۆ بێت، دۆستایەتی بکات لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە دەکرێت دۆستایەتی لـەگـەڵـدا بکرێت، ئـەو دروشـمـەی عەبدولناسرم زۆر پێباشە نصادق من یصادقنا، و نعادی من یعادینا.

*هـەتـا ئـەو وڵاتـانـەی کـە تائێستا مومکینە بەشێکی کوردستانیان داگیر کردبێ؟

-ئینجا ئەوە کەی موسادەقەیە کە بەشێکی کوردستانی داگیر کردبێ؟

*نا مەبەستم لەوەیە پێشتر داگیری کردبێت؟

-دوای ئەوە لەپێش هەمووان ئەوان، دوای ئەوە کوردستان لەدەست ئەو وڵاتانە دەدرێ، من پێموایە لەپێشدا دەبێت پەیوەندی هەرە باش لەگەڵ تــورکو فــارس بـبـەسـترێـت، ئینجا بەسەریانا بڕۆین بۆ خەڵکەکانی تر.

*باشە بـەرای ئێوە لەهەلومەرجی ئێستادا چ جۆرە چاکسازییەك پێویستە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بکرێ؟

-دەزانـــی مـن بـــاوەڕم بـەوەیـە کوردستانێکی ئەنجومەنی دابمەزرێت، نـەك بەمەعنای سۆڤێتی بەمەعنای ئـەوەی هەموو گوندێك هەڵبژاردنی خۆی بکات بۆ ئیدارەی خۆی، هەموو ناحیەیەك هـەڵـبـژاردن بکات قـەزا وەکو تر من پێم باش نییە ئیدارەکانی حکومەتی مـەرکـەزی دای بنێت، بـا خەڵك هەڵیبژێرێت، سەرۆکی شـارەوانـی با خەڵك هەڵیبژێرێت، حـکـومـەتـی مـەرکـەزی کۆمەڵێك دەسـەڵاتـی بنەڕەتی هەبێت، واتـە کـوردسـتـان بـەوجـۆرە ئەنجومەنی

هەبێت. حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی بەرگریو دەرەوەو کاروباری گەشەی گشتی بەدەستەوەبێت، بۆنموونە پلاندانانی گشتیو هەندێك شت کە ناکرێت، ئیتر ئەوی تر با ویلایەتەکان هەیان بێتو دەسەڵاتی تەواوی هەبێتو کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت، خەڵك بەشداربکات لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت، نەك هەر جیهازێك دروست ببێت لەسەروو خەڵکەوە با ئیدارە خەڵك هەڵیبژێرێت، قازی ناتوانرێ هەڵبژێردرێت، دەبێت دابنرێت بەڵام با خەڵك ئیدارەی خۆی هەڵبژێرێتو رەئی هەبێ لەو شتانەدا.

*ئەگەر تەماشای کۆمەڵی کوردستان بکەین لەدیدی تۆوە چین ئەو ریفۆرمانەی پێویستە لەکۆمەڵی کوردستاندا بکرێت؟

-چاکسازی لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێت بینای بکەیتەوە، بەشکڵێکی هاوچەرخ بینای بکەیتەوە. بەشێوەیەکی هاوچەرخ بێت، چ لەلادێو چ لەشار لەسەر بنەمای بەرهەم بێت، نەك لەسەر بنەمای پێداویستیی بەرهەم، لەپاشاندا بەرەئی من پێویستە چاکسازیی کشتوکاڵی بکرێت بەشێوەیەك کە دەگونجێت لەگەڵ واقیعی کوردستانو ژیانی ژنان، چاکسازیی کۆمەڵایەتیو فیرکردنو رۆشنبیریی، بۆ نموونە گەشەسەندنی ئابووری ئەوەندەی موکینە پیشەسازی، ئەو شتانە بەپێی ئیمکانیاتی کۆمەڵگەی کوردی، بۆ نموونە نەهێشتنی نەخوێندەواری، نەهێشتنو گۆڕینی نەریت بەرەو باشکردن.

*چ بەشێك لەهەموو شتێك زیاتر پێویستە مرۆڤ تەرکیزی لەسەر بکاتو پێشی بخات؟

-یەك شت بەتەنها نابینم، بەڕاستی هەموو لایەنەکان بەیەکەوە گرێدراون، بۆ نموونە گەشەسەندنی کشتوکاڵی بەبێ گەشەسەندنی پیشەسازی نابێ، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بەبێ گەشەسەندنی کەلتووری نابێ، گەشەسەندنی کەلتووری بەبێ گەشەسەندنی شارستانی نابێ، گەشەسەندنیی شارستانی بەبێ گەشەسەندنی پیشەسازیو کەلتووریو ئەوانی تر نابێ، هەموو ئەو شتانە پێکەوە گرێدراون. واتە دەبێت سیاسەتێکی هەمەلایەنە هەبێتو هەموو شتەکان بگرێتەوەو ئیشی بۆ بکات.

*ئەی مەسەلەی رزگاری ژنو یەکسانی نێوان ژنو پیاو؟

-ئەوەش یەکێکە لەمەسەلەکان کە شتێك نیيە بڵێین کلیلیك بێت نوختە بێ، ئەگەر کوردستان رزگاربوو

بەرەئی من کلیلەکە ئەوەیە ئەگەر رزگاربوو کۆمەڵگە رزگارە دەوڵەتەکەی یاخود حوکمی زاتییەکەی دەبێت، بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی هەبێت و لەهەموو لایەنەکانەوە دەبێت ئیش بکات، چونکە یەکێکیان لایەکیان زامن دەکات واتە یەك بەیەکتری دەگەیەنن.

*باشە زۆر چاودێری جیهانی هەن، دەڵێن میللەتی کورد بەدوای خەیاڵ کەوتووەو خەباتەکەی بێ هودەیە؟

-زۆر هەنە یان کەمر؟ ئەوە هەیە لەئەمریکا، وەختی خۆی ئەو سێ وتاری نووسیوە، باباعەلی وەختی خۆی داویەتی ناویم بەبیر دێتەوە ناوی هاتووە لەو کتێبەدا، کابرایەك هەیە لە١٩٤٠ یان ١٩٤٣دا وتارێکی نووسیوە لەسەر ئەو نەتەوانەی کە لەخۆرهەڵات ئەو نەتەوانەی کە بێ دوارۆژنو ئەمریکا.

*بەڵێ دیومە ئەو کتێبەمر دیوە..

-ئەوە وابزانم زنجیرە وتارێکە ئەوە لێرە ئەو کابرایە باسی دەکات، کێش لێی وەرگرتووە، هەمووجارێك من لێی دەردێنمر ناوەکەی کابراکەشم لەبیردەچێتەوە، یەکێکی دیکەش لێی وەرگرتووە، ئەو دەڵێت سێ میللەت لەخۆرهەڵاتدا هیچ دوا رۆژیان نییە، ئەرمەنو ئاشووری کورد، من قەناعەتم وانییە، قەناعەتم وایە کورد رزگار دەبێ، ناکرێت ئەو میللەتە ژمارەی ئەوەندە زۆر بووە، واتە بۆ نموونە ئەوە کورد بەبێ موبالەغە ٢٥ ملیون دەبێت، تا کۆتایی سەدە دەبێتە ٤٠ تا ٥٠ ملیۆن، پاشان لەقەرنی ٢٠ دا پاش پەنجا ساڵ زەربی ٢ی بکە، دەبێتە ٧٠ تا ٨٠ ملیۆن مرۆڤ، چۆن ئەوەندە میلۆنە بەبێ ماف دەمێنێتەوە؟ بۆ نموونە جەماعەتی مەکەدۆنیا دوو تا سێ ملیۆن کەس دەبنو وەك خۆی دەمێنێتەوەو هیچ بەهیچ ناکات، ئێمە هەر زاوزێمان لێ مەنع بکەن، ئەوە د. یوسف هەیە کوردی سوریایە دەیناسی ماموستای زانکۆیە ئێستا لەزانکۆی جۆرج واشنتۆنە.

*بیستوومە بەڵام نەمر بینیووە؟

-دیارە پیاوێکی زۆر خۆشە، من دەیناسم لەلوبنانەوە مامۆستای علوم سیاسی بوو لەزانکۆی ئەمریکی لەوێ بوو، لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگیشە، ئەو دەڵێت: چەکی نهێنیی کورد منداڵو زاوزێیە، دەیوت: باسی مەکە با لێمان تێکنەدەن، باسی تورکیای دەکرد، دەیوت: ئامارێکم خوێندۆتەوە تورك لەسەر گۆڕینی دیموگرافی مەترسی دەبینن، ئەگەر وابڕوات تا کۆتایی سەدە تورك لەتورکیا دەبێتە کەمینە، کوردو چەرکەسو لازو عەرەب دەبنە زۆرینە، لەکۆمەڵگەی تورکیادا، ئێ باشە

ئەوەتا ٥٠ ساڵی تر چۆن دەتوانن ئەوە چارەسەر بکەن؟ باشە میللەتی کورد دەریخست کە میللەتێکی زیندووە، شۆڕشێکمان دەشکێنن، یەکێکی تر رادەپەڕێ، شۆڕشێکی تری تورکیا دابین دەکەن؟ ئێران دابین دەکەن؟ عیراق هەڵدەستێ، تورکیا رادەپەڕێ، کوردستانی عیراق!

*باشە خۆشت باسی ئەوەت کرد، بزووتنەوەی کورد لەبەشەکانی کوردستاندا پچڕپچڕە، زۆر رێکخراوی تێدایە، باسی کوردی سوریات کرد باسی کوردستانی تورکیات کرد، لەکوردستانی عیراق؟

-عیراقیش هەروایە، بەڵام بەو بەرە کوردستانییە پێنەکراوە، ئەگینا حزبی سوشیالیستی کوردو حزبی سوشیالیستی کوردستان بۆ یەك ناگرن؟

*هەندێ شەرحیشیان بۆ داناوە کە بۆچی وایە، باشە وەزعەکە بە بیروڕای ئێوە چۆن چارەسەر دەکرێت؟

-بەبیروڕای من ئەوە چارەسەر ناکرێ، من بەشتێکی سروشتی دەبینم، ئەوە لەپرۆسەی گەشەسەندنی ژیاندا چارەسەر دەبێت، بەتێپەڕینی کات جەماعەتێك ئیفلاس دەکەن، جەماعەتێك یەکدەگرن، جەماعەتێك گەشە دەکەنو دەمێننەوەو کۆتاییەکەشی رێگای بەرەی کوردستانی دروست دەبێ بۆ هەر وڵاتێك، لەبەینی بەشەکانی کوردستاندا ئەو بەرانە لەناوخۆیاندا هاوپەیمانی بکەنو بەرەئی من دیموکراسی بەگەشەسەندنی سروشتی دروست دەبێ، بەزۆر ناکرێ، ئەو حزبانە دانیێت، رێکیان بخەیت، بەتێپەڕینی کات ئەو گرفتانە چارەسەر دەبێ، واتە ئێستا تۆ تەماشای کوردستانی تورکیا بکە، کوردستانی تورکیا کەمێك بوارێکی دیموکراسی ئەوە هەبێت خەباتی چەکدار پەرەبستێنێت، گرفتەکە چارەسەر دەبێت، خەباتی چەکدار جەماوەر لەدەوری خۆی خڕدەکاتەوە، خەباتی دیموکراتیش مەسەلەکان گەشەپێدەدات هەر کەسە دەگاتە قۆناغی خۆی.

*پێشتر باسی ئەوەت کرد کە لەمنداڵیتدا مەسەلەی رووخانی کۆماری مهاباد زۆر کاریگەریی هەبووە لەسەرت بەشێوەی شەخسی، ئەگەر تەماشای مێژووی نوێی کوردو کوردستان بکەیت، واتە لەماوەی تەمەنی خۆتدا کە پێگەیشتوویت بەجیا لەکۆماری مهابادەوە بیگرە هەتا ئێستا چەندین رووداوی گەورە روویداوە لە مێژووی بزووتنەوەی گەلی کورددا، حەزدەکەم بزانم چ رووداوێك کاریگەریی وا قووڵی لەسەرت هەبووە کە کاریگەری بەجێهێشتووە بۆنموونە ١٤

تەمموز بگری، دەستپێکردنی شۆڕشی ١٩٦١ بگری، ئینشیقاقی ١٩٦٤ بگری، ئاشبەتاڵی ١٩٧٥، رێکەوتنامەی ئازار، دەستپێکردنی مقاوەمەت لەکوردستانی ئێران، روخانی شا؟

-هەموو شتێك لەوانەی باستکرد هەمووی گرنگن.

*چەند کاریگەریی هەبوو باسی جمهوری مهاباد کرد، زۆر تەئسیری هەبووە لەسەر خۆت؟

-ئاخر تۆ لە تەمەنی منداڵی پرسیت، وتم ئەوە بوو لەپاش ئەوە لەژیانی خۆمدا زۆر رووداو کاریگەری هەبووە ئەوانەی باستکرد، هەندێك لەوانەی کە باست نەکرد بۆ نموونە من راپەڕینی وەسبەی کانون زۆرکاری لەبیرکردنەوەمر کرد، ئینتیفازەی تشرین کاریگەری هەبوو، بۆ نموونە شەڕی سێ دەوڵەتەکە لەدژی میسر، بۆ نموونە رووداوەکانی سۆڤێت هینی کۆنگرەی بیستو ئیدانەی ستالینو ئەوانە هەمووی کاریگەری هەبوو، بۆنموونە سەرکەوتنی شۆڕشی چین، وەمان دەزانی دونیا دەگۆڕێ، پاش ئەوە زۆر کاریگەری کردووە، ١٤ی تەمموز، ئینقیلابی شوبات، هێنانەوەی مەلا مستەفاو خیلافی حزب ئەوە زۆر تەئسیری کرد، بەڕاستی لەمێشكو زهنی ئینساندا، پاشان ئازار رووداوێکی



گرنگ روویدا کە رووخانی شۆڕشی کوردستان بوو من پێشبینیم نەدەکرد، من لەو کەسانە بووم کە پێموابوو مەلا مستەفا شەڕدەکات، کاك عومەر رەئی وانەبوو کاك عومەر لەشام بوو لەتەجەموع دانیشتبووین باسمان کرد، ئەوە زۆر کاریگەری هەبوو. هەڵگیرسانەوەی شۆڕش جارێکی دیکە کاریگەری هەبوو، هەروەها رووخانی شا کاریگەری هەبوو، واتە شتی تری



وەك ئەو ڕووداوانە.

*زۆر سوپاست دەکەم پرسیارەکانی خۆم تەواو بوو حەزدەکەم بزانم ئایا بۆ خۆت هیچ شتێك هەیە حەز بکەیت باسی بکەیت لەمەسەلەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی کە من پرسیارم نەکردبێ‌و بەپێویستی بزانی بیهێنیتە کایەوە؟

-سەرەتا دەستەواژەکەت بگۆڕە، ناسیۆنالیستی واتایەکی دیکەی هەیە، واتە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیی دیموکراتی خەڵکی کوردستان، زۆرتر پاسۆك‌و کاژیك‌و شتی وا دەگرێتەوە.

*بەڵام ئێستا وانییە، ئێستا خەریکە ئەو ناسیۆنالیستەی جاران نەماوەو بەو چاوە تەماشا ناکرێت؟

-باشە قەیناکە با ئێمە زمانی خۆمان رزگاریی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و ئەوانە بەکاربهێنم، ناشزانم تۆ لەسەر چی تێزەکەت دەنووسیت‌و توێژینەوەکەت چییە، نەفسییە، شەخسی بوو، کۆمەڵایەتی بوو، سیاسی بوو، سەربازیی بوو، هەموو ئەو شتانە بوو، بەڵام من زیاتر لەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد چەند خاڵێك باسدەکەم، یەکەم: تەبیعەتی کۆمەڵگەی کوردو گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کورد پەیوەندی بەحزبەکان‌و رێکخراوەکانەوە هەیە، واتە ئەوە دووەم هۆیەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشی کوردستان‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، پێموایە لەدیدی ئینتیقالی زاتییەوە بووتریت، زۆرتر خەتاکان لەخۆمانە، لەسروشتی کۆمەڵگەی خۆمانە، لەسروشتی سەرکردەکانی خۆمان‌و سروشتی حزبەکانی خۆمان‌و سروشتی شۆڕشەکانی خۆمانە، کە زۆر گرنگیمان نەداوە، قەیناکە ئەوەش باس بکەین، زوڵمرو زۆر، بەڵام ئەوا قسەکانی خۆشمان باس بکەین کە ئەوە فاکتەرێکی گەورەیەو داینەپۆشین، ئەوە زۆر گرنگە بەرای من. تەئکید لەسەر چەند شتێك دەکەمەوە، لەئێستادا پشت بەستن بەخەڵك، هۆشیارکردنەوەو رێکخستن‌و سەرکردایەتیی جەماوەر، سەربەخۆیی لەبیروباوەڕدا، بەڕاستی من سەربەخۆییم لەفیکردا لەسەربەخۆیی شتی تر پێ گرنگترە، (القرار الکردی

المستقل) بەڕاستی دەبێت ئێمە خۆمان باوەڕمان بەخۆمان هەبێت، لەو کۆیلەیەتییە فیکرییە رزگارمان ببێت، ئێستا کوردی تورکیا بەرەئی من عەبیدی کریملنن، مۆسکۆ چی گوت دەبێ وابێ، یان فلان کتێب لەلاپەڕە ئەوەندە نووسراوە ئەوە دەبێت رزگاربین لێی. من دژی مارکسیسزم نیم، مارکسیسزم حزبە، بەڕاستی هەتا ئێستا لەزانستە کۆمەڵایەتییە باشترەکانی جیهانە، ئەو کردنەی بەئایینو بەقورئان بەوەی فلانە لاپەڕە وای وت، ئیتر تەواو لەو لاپەڕەیە، ئێستا من لەبیرمە هەزار موناقەشەمان لەگەڵ شیوعی دەکرد لەسەر زەروریەتی بوونی پارتی پێشڕەوی تایبەتی کوردستان، بابە با حزبی شوعی بێت، دەیانوت نا لەلاپەڕە ئەوەندەدا لینین وتوێتی کرێکارانی یەك دەوڵەت دەبێت یەك حزبیان هەبێت، ئیتر ئەوە باشە خۆ ئەوە خۆ قورئان نییە، باشە کەواتە لینین بوو بەخوا، قسەیەکی لینین، هەتا ئەوە فیکریش نییە، مەسائیلی ئایدیۆلۆجی بنەڕەتی نییە، بۆ نموونە مادەیەکی دیالیکتیکی نییە قابیلی گۆڕان نییە قانونی فائج القیمە (زێدەبایی) نییە بڵێی راستە، قانونی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی نییە بڵێی راستە، شکلی رێکخراوە، خۆت دەزانی شکڵی رێکخراوە، شتێکی قابیلی گۆڕینە لەیەك وڵاتدا لە ٥٠ جار لەیەك دەوڵەتدا، کەچی کردیان بەهین لێمان، هیچ بەڵگەیەکی تریان نەبوو، وتیان لەفلان جێ وتویەتی ئەو رێگایە مارکسییەت لەزانستەوە دەباتە بۆ ئایین، ئایینی ئیسلامیی خۆمان باشترە، ئەگەر زانستیشە، زانست شتێکی زیندووە، کۆمەڵێك بنەمای فیکری بنەڕەتییەو بنەما سەرەکیەکانی راستە، بنەما سەرەکیەکانی دەبێت بگونجێت لەگەڵ واقیعەکانی کۆمەڵگەو قابیلی گەشەسەندنە وەکو خۆی دەڵێ هەموو شت لەگۆڕانە مارکسیسزمیش روو لەگۆڕانە، فیکریش روو لەگۆڕانە، قسەکەی ئەوانیش لەگۆڕانە ئەو بەشەی کە لینین وتویەتی بۆ زەمانێك بوو، لینین چەندین قسەی مارکسی بەتاڵ کردەوە، وتی مارکس وایگوت، بەڵام ئێستا وانییە، لەبیرتە مارکسو ئەنگڵس زۆر بەتوندی پشتیوانی سەربەخۆیی پۆڵۆنیایان دەکرد، زەمانی خۆی کردبوویان بەشەڕ لەسەر بزووتنەوەکەی، بەڵام کە لینینو ئەوان هاتن، وتیان نەخێر ئەوە زەمانی گۆڕاوە، ئێستا ئێمە ناڵێین سەربەخۆیی، دەڵێن مافی چارەی خۆنووسین، ئەوە هەڵەیە ئێمە ئەوە بکەین. پێداگیریی بەدەق لە بۆ کوشتنی جەوهەرە، ئێستا بەڕاستی قاوغەکەیان گرتووەو ناوەڕۆکەکەیان

لەبیرچووە، لەناوەڕۆکدا من زۆر بەشتی باشی دەبینم، زۆر شتی باشی تیدایەو بەکاردێ، بەڵام کە بوو بەوەی ئەو رستەیە وایگوتو ئیتر تەواو بوو، ئێ باشە کلکایەتییەکی کوێرانە کە دەیگوت رادیۆی مۆسکۆ وای گوت، من لەبیرمە جاران من خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە رادیۆی مۆسکۆ هەرچی شتێکی بگوتبا وامدەزانی قورئان وتویەتی، ئەو پەروەردەیە پەروەردەیەکی خراپە، ئەو پەروەردەیە بەڕاستی هەر ستالین بە بەرپرسیار نازانم، لینینیش بەرپرسیارە، واتە ئەو دیسپلینە لینینییەی کە خۆیان پێی دەڵێن وایلێکرد کە کەس نەوێرێ نقە بکات، لەسەر ئەوە بڵێین ئەوە تەحریفییە ئەو کاوتسکی مورتەدو هەموو ئەو جنێوە قورسانەی کە بەڕاستی ستالین بە ناشیانە تەتبیقی کرد، کە قسەی لینینە ئێستا زۆر شت دەخەنە سەر ستالین، بەڵام وەرە بیگێڕنەوە، هەرچی ستالین کردبێتی ١٠ بەڵگەت بۆ دەهێنمەوە کە لینینین، تەنها مەسەلەی نادیموکراتییەکەی لینین دیموکرات بوو، دەیتوانی تەحەمول بکات، ئەوانەی تر، دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا قسەی لینینە، دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا کە لینین تەفسیری دەکات، دەڵێ دیکتاتۆری چین، دەڵێ دەکاتە دیکتاتۆری حزب، دیکتاتۆری حزب دەکاتە لیژنەی مەرکەزی، خۆی دەڵێ دەکاتە نوخبەی سەرکردایەتی جێگیر، لەوێشدا مەکتەبی سیاسی لەمەکتەبی سیاسیش سکرتێری حزب، تەواو لەبەرئەوە ئەوە قسەی ستالین نییە قسەی لینینە، بێنە ٥٠ نوسخەت بۆ دەربێنم لەقسەکانی لینین، پاشان چینیەکان لەسەر مەسەلەی ناکۆکییان لەسەر دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا شتێکیان بڵاوکردەوە دژی خرۆشۆف، بەڵام بەڕاستی لینین وایوتووە، ئەو جۆرە دیسپلینە یان بینای سۆشیالیزم لەوڵاتێکی دواکەوتوو چۆن دەکرێ و دەگاتە چی؟ بەڕاستی خۆ گەلێك لەبنەماکانی لینین داینا، ستالین کوێرانە قسەکانی لینینی جێبەجێ کرد، هەر رێگاکەی لینینی بەکارنەهێنا لەمامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانی، لینین بەموناقەشەو بەجنێودان لەگەڵی حەل دەکردن، ئەو بەکوشتنو ئیعدام، جنێودانو ئیعدام لەجیاتی موناقەشە، ئەگینا بۆ نموونە ئەو قسانەی لینین بەهاوڕێکانی وتووە لەسەر ئاشکراکردنی نهێنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کەس بەکەسی نەوتووە، پێیان دەڵێ خائین، کاسەلێس، مورتەدو غەدارو ئینسانی غەدارو کاسەلێسو خائین رەنگە حوکمی ئیعدامیان نەبووە، ئەگینا ئیعدامی دەکردن، من مەبەستم ئەوەیە هەتا لەزەمانی مارکسو

ئەنگڵسدا کەس نەیوتووە مارکسیسزم، مارکس ئـەوەی قبوڵ نەبووە کەسی بڵێ مارکسیسزم، مارکسیسزم شتێکە دوای مارکس هاتۆتە کایەوە، هەروەك لینیزمیش هەتا زەمانی لینین جنێو بوو، پلیخانۆڤ بۆ گاڵتە دەیگوت لینینزم کە گاڵتەی بەلینین دەکرد، دەیوت بابە ئەو قسانە مارکسیزم نییە لینینیزمە، ئێ باشە مارکس قەت نەیدەهێشت بڵێن لەزەمانی مارکسدا، دەیانگوت سۆشیالیزمی زانستی، بەڵام لەزەمانی پاش ئەوانە وتیان مارکسیسزم.

زۆر زۆر سوپاست دەکەم.

P.U.K
Information bank

دەقی ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە



# مام جەلال
## لەدیدارێکی
## 360
## خولەکیدا